Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.9

# ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و بەکاربردنی ڕواڵەتی (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Kameran Jewher Abdullah
kameran.abdullah@su.edu.krd

RECEIVED :03 /02/2025
ACCEPTED :31/08/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**کامران جوهر عبدالله/** کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر ،هەرێمی کوردستان،عێراق

**جوان اسماعیل احمد بكر خوشناو/** کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕەهەندی کۆمەڵایەتی
بەکاربردنی ڕواڵەتی

## پوختە

بەکاربردنی ڕواڵەتی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگە بە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت، کە پێویستی بە پەسەندکردنی ئاراستەیەکی خەرجکردن هەیە کە لەگەڵ سەردەمی نوێدا بگونجێت. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربردنی تاکەکان ئاراستە دەکات. پرسی سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، ئایا ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان چ ڕۆڵێک لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا دەگێڕن؟ لەم ڕوانگەیەوە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، زانینی ڕۆڵی پێگەی کۆمەڵایەتی لە بەکاربردنی ڕواڵەتی. دەرخستنی ڕۆڵی (فشارە کۆمەڵایەتییەکان، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان) لە بەکاربردنی ڕواڵەتی. توێژەر بەدوای دەرخستنی ڕۆڵی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتیدا دەگەڕێت، بۆیە پشتی بە میتۆدی شیکاری (Analytical Method) بەستووە بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی. لەگرنگترین ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە:

1) تاکەکان شێوازی بەکاربردنەکانیان لەگەڵ گرووپە پێگە بەرزەکاندا هاوتەریب دەکەن، ئەم کاڵایانە وەک ئامرازێک بۆ نیشاندان، پاراستن، یان بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی بەکاردەبەن.
2) فشارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تاکەکان بۆ گونجاندنی بەکاربردنیانە لەپێناو پاراستن یان بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان. هەروەها بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بڕیارەکانی کڕین لە قاڵب دەدەن، چونکە تاکەکان هەوڵدەدەن ناسنامەی کولتووری خۆیان نیشان بدەن یان لەگەڵ فشاری هاوڕێکانیان بگونجێن بە کڕینی کاڵا کە ئاماژەن بۆ سەرکەوتن و ڕێزگرتن.
3) دەرکەوتنی ڕۆڵی پاڵنەرەکانی خەرجی، بە تایبەت لەناو گرووپە کەم داهاتەکاندا، تاکەکان پاڵدەنێت بۆ گونجاندنی بەکاربردنیان بۆ ئەوەی لەگەڵ بەها و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی بە شێوەیەکی بەرچاو ژینگە شارییەکانی لە قاڵب داوە، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ سەرهەڵدانی بەها کولتوورییە مۆدێرنەکان. دوای دارمانی سیستەمی سۆسیالیستی، تاکگەرایی و ئازادی و بەکاربەریی بەرەوپێش برد، کاریگەری لەسەر شێوازی بەکاربردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لەسەر بەکاربەر هەبوو. ئەم گۆڕانکارییانە پەرەیان بە کولتوورێکی بەکاربەریدا، لەڕێگەی جیهانگیری و فراوانبوونی بازاڕەکان، کە ئارەزووی بەکاربەری بوو بە ئامانج. بەکاربەران لە ژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەفتاری بەکاربەری ئەنجام دەدەن، خواستێکی بەکاربردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بە خۆنمایشکردن و پیشاندانی سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان تاکەکان ناچار دەکەن لەڕێگەی بەکاربردن نمایشی شێوازی ژیانی خۆیان بکەن، چونکە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە هەوڵ دەدەن بۆ ئەنجامدانی هەندێک شێوەی بەکاربردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان یان میوانداریەکان، کە لەگەڵ بەها و داب و نەریتی زاڵ لە کۆمەڵگە بگونجێت، بۆئەوەی لەگەڵ چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگە هاوتەریب بێت. ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی دەبێتە جێگەی سەرنجی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەکە شیکردنەوە بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی دەکات.

## 2. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

کێشە و گرنگی و ئامانجەکان و هەروەها چوارچێوەی میتۆدی و سنووری توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت.

### 1.2 کێشەی توێژینەوەکە:

دیاردەی بەکاربردنی ڕواڵەتی کە بە نمایشکردنی سامان بە گشتی لە ڕێگەی بەدەستهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان یان ئاسوودەییەکان پێناسە دەکرێت، کاریگەرییەکی ڕواڵەتی هەیە بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ناو خێزانەکان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕۆڵی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکاندا بخاتە ڕوو، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و بەها کولتوورییەکان بەشدارن لە شێوازەکانی بەکاربردن. بۆیە پێویستە بەووردی لە بەکاربردنی خێزانەکان لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕاو و ڕووداوانە تێبگەین. هەروەها ڕوونی دەکەینەوە کە تاچەند گۆڕاوەکانی وەک (پێگەی کۆمەڵایەتی، فشاری کۆمەڵایەتی، چاوەڕوانییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان) کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەکاربردنی ڕواڵەتی ئاراستە دەکەن، بە پشتبەستن بەو دید و تێڕوانینانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، پرسی سەرەکی کە کێشەی توێژینەوەکەی لەسەر بنیات نراوە و پێویستە وەڵام بدرێتەوە بریتییە لە: ئایا ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان چ ڕۆڵێک لە بەکاربردنی ڕواڵەتیدا دەگێڕن؟

### 2.2 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر دەیەوێت لە ڕوانگەی ئەو ئامانجانەی خوارەوە وەڵامی پرسە سەرەکییەی توێژینەوەکە بداتەوە:

1) زانینی ڕۆڵی پێگەی کۆمەڵایەتی لە بەکاربردنی ڕواڵەتی.
2) دەرخستنی ڕۆڵی (فشارە کۆمەڵایەتییەکان، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان) لە بەکاربردنی ڕواڵەتی.
3) تیشک خستنەسەر پاڵنەرەکانی خەرجی لەسەر بەکاربردنی ڕواڵەتی بەگوێرەیی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان.

### 3.2.گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە چەندین گرنگی خۆی هەیە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، کە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتکراوەتەوە:-

1) زانینی ڕۆڵی پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەفتاری بەکاربردن،ئەمە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن ڕۆڵەکان لەناو خێزانەکاندا کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە.
2) گرنگیدان بە فشارە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەبێتە هۆی تیشک خستنە سەر ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانەی کە بەکاربردنی ڕواڵەتی دەباتە پێشەوە.

3) توێژینەوەکە دەتوانێت بەشداری بکات لە ئەدەبیاتی پێشوودا بە دەرخستنی ڕۆڵی نێوان بەکاربردنی ڕواڵەتی و ناسنامەی خێزان. دەتوانیت دیدێکی گشتگیر پێشکەش بکات، ڕەنگە زۆرێک لە توێژینەوەکان چاوپۆشییان لێکردبێت.

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە بەهایەکی گرنگی هەیە لە بەرزکردنەوەی تێگەیشتنمان لەوەی کە چۆن ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان ڕەفتاری بەکاربەران لە قاڵب دەدەن. لە کۆتاییدا بەشدارە لە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە بەکاربردن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا.

### 4.2. سنووری بابەتی توێژینەوەکە:

سنووری بابەتی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە شیکردنەوەی چەمکی بەکاربردن لە چوارچێوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی.

### 5.2چوارچێوەی میتۆدی بواری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەدوای دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوی سەربەخۆی وەک (ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان) کە ئەمانە دەگرێتەخۆ وەک (پێگەی کۆمەڵایەتی، فشارە کۆمەڵایەتییەکا، چاوارِوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان) و گۆڕاوی وابەستەی وەک (بەکاربردنی ڕواڵەتی)دا دەگەڕێت. بۆیە توێژە پشتی بە میتۆدی شیکاری (Analytical Method) بەستووە بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی.

## 3.دیارکردن و ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

لەم خاڵەدا، چەندین چەمکی سەرەکی توێژینەوەکە دیاردەکەین و دیانخەینە ڕوو بەم شێوەی خوارەوە:

### 1.3. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (البعد الاجتماعي-Social Dimension)

لە فەرهەنگی نێوەندا: ووشەی "ڕەهەند" لە بەرامبەر ووشەی عەرەبی "بعد" بەکاردێت، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیش بەمانانی "Dimension" دێت. دووری پێچەوانەی نزیکییە، ڕەهەند: بەواتای فراوانی مەودا یان دووری دێت(مصطفي وآخرون, 2004, ص.63) .

(إيناس محمد فتحی) (2006) پێناسەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەکات بریتییە لە بەیەکەوە گرێدراوی کۆمەڵگە وەک بوونیادێکی هەمەلایەن و گشتگیر کە سیستەمی سەرەکی بەیەکەوە بەستراو و کارلێککەر لەخۆدەگرێت، جا چ کۆمەڵایەتی یان کولتووری یان ئابووری بێت، بە جۆرێک هەر سیستەمێک ئەرکێک بۆ مانەوە و سەقامگیری و بەردەوامی کۆمەلگە ئەنجام دەدات(غزال, 2016, ص.148).

هەروەها (ساري) (2014) لە پێناسەکردنی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەڵێت : بریتییە لەو بەها و بیروباوەڕ و ڕەوت و داب و نەریتەی کە لە کولتوورێکی تایبەتدا دانی پێدانراوە کە ڕێنمایی و کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاکەکان دەکات، هەروەها ئەو ڕۆڵانەی کە پێشبینی دەکرێت لەلایەن تاکەکانەوە ئەزموون بکرێن(ساري, 2014, ص.23-25).

لەلایەکیترەوە (سهيلة و ناصر) (2018) لە توێژینەوەکەیاندا باوەڕیان وایە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵە چالاکییانەیە کە مرۆڤ لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجامی دەدات و دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەزموونی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی کە بەشدارن لە پێکهێنانی کەسایەتییەکەی و سەلماندنی خۆی لەناو ئەو بازنەیەی کە تیایدا دەژی(سهيلة و ناصر, 2018, ص.12).

هەروەها(إبراهيم) (2019) ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکار دەکات کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە کە بریتییە لە (کۆمەڵێک باردوخ و گۆڕاو و هێزە کە کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاکی بەکاربەر هەیە(إبراهيم, 2019 , ص.162).

**پێناسەی تیۆری بۆ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی**، بریتییە لە کۆمەڵێک بارودۆخی کۆمەڵایەتی، وەک پێگەی کۆمەڵایەتی، فشارە کۆمەڵایەتییەکان، چاوڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و دانپێدانراودا کە پەیوەندییان بە ڕەفتار و کردار و هەڵبژاردنی بەکاربردنی تاکەکاندا هەیە، بەپێی هەلومەرجەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەر پێکهاتەیەکی گروپی جیاواز.

### 2.3. بەکاربردن (الاستهلاک–Consumption)

بەکاربردن لەڕووی زمانەوانییەوە، ئەوەیە دەوترێت هەوڵ و توانای خۆی لە پارە و هاوشێوەکانیدا خەرجکردووە یان بەفیڕۆی داوە یان دەوترێت ئەوەی هەیبوو بەکاری هێناوە لە خۆراک و کاڵا و پێداویستییەکاندا(مصطفى و الزيات, 2001, ص.1002).

بەکاربردن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، (دۆسنبری) (1949) جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەکاربردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بەو مانایەی کە ئەو خەڵکانەی کە سەر بە گروپێکی دیاریکراون کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن و ڕەفتارەکانیان بۆ بەکاربەری ئاراستە دەکرێن. (فريد, 2018, ص.89).

(قەیس نووری) (1979) ئەو چەمکە وەک دەرئەنجامی پرۆسەی تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە ڕووی بایلۆژی و مەعنەوی و پێناسە کردووە، کە زانراوە پێداویستییە بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ، وەک پێداویستی خۆراک و جل و بەرگ و ئاو و هەوا، هەروەها پێداویستییە مەعنەوییەکانیش، کە لە جیهانە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، لە پێویستی باوەڕ و ڕێوڕەسم و سیستەمی یاسایی و کات بەسەر بردن ڕەگیان داکوتاوە(النوري, 1979, ص.400). هەریەکە (یاسین و ربیعة) (2020) بەکاربردن پێناسە دەکەن بەو بڕە پارەی کە بەکارهێنەران خەرجی دەکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان، هەروەها ئەمەش پێویستی بەکات و هەوڵدانە بۆ گەڕان بەدوای ئەو بەرهەمانەی کە لەگەڵ توانا و سەلیقەی کڕینیان بەگشتی بگونجێت (یاسین و ربیعة, 2020, ص.568).

لەڕوانگەی (العال) (2022) بەکاربردن ئەزموونکردنی ڕەفتارێکە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان بەگشتی و پێداویستییە ڕواڵەتییەکان بەتایبەتی(العال, 2022, ص.139). هەروەها (ئەریزا-پادیا و پۆیرتاس- Areiza-Padilla and Puertas) (2021) بەکاربردنی ڕواڵەتی بە هێمای بەکاربردنی خۆدەرخستن و ماددی لە ڕێگەی کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانەوە دەناسێنن، کە بەهایەکی ئابووری بەرزتریان هەیە و ئەوەش ڕێگە بە بەکارهێنەرەکانیان دەدات لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سەرکەوتوو بن(Areiza-Padilla and Manzi Puertas, 2021, P.1).

**پێناسەی تیۆری بەکاربردن:** بەکاربردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە بەکاربردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بۆ تێرکردنی پێداویستییە پێویستەکان بەگشتی و پێداویستییە ڕواڵەتییەکان بەتایبەتی، کە جیاوازە لەڕووی جۆر و شێوە و ئەرک و ئامانجەکانیانەوە، بە بزوێنەری سەرەکی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، کە پشت بە توانا و سەلیقە و ئارەزووی بەکاربەران دەبەستێت.

### 3.3. بەکاربردنی ڕواڵەتی (الاستهلاک المظهري – Conspicuous Consumption)

یەکەم کەس (تۆرشتاین ڤێبلن-Thorstein Veblen) بوو کە ئەو چەمکەی بەکارهێناوە، لە کتێبەکەی بەناوی ((تیۆری چینی ئاسوودە یان خۆشگوزەران)) لەساڵی (1899)دا، ئەو پێی وایە بەکاربردنی ڕواڵەتی بریتییە لە بەفیڕۆدانی پارە لە کڕینی پێداویستییە گرانبەها و دەگمەنەکان کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری ناهێنێت، بەڵام ئەو پێداویستییانە بەهایەکی جەوهەرییان هەیە کە یارمەتی خاوەنەکەی دەدات جیاواز دەربکەوێت و شانازی بکات، هەروەها پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەناوبانگی پێ دەبەخشێت، بەجۆرێک کە خەڵکی بە ئەندامی چینی خۆشگوزەرانی دەزانن، کە بەختەوەری و ڕەزامەندی بۆ دەهێنێت (روزنبلات, 2011, ص.48). (بدوي) (1982) لە (فەرهەنگی زاراوەیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان)دا بەکاربردنی ڕواڵەتی پێناسەکردووە وەک ئاماژەدان بۆ بەفیڕۆدانی کاڵا و خزمەتگوزارییە بەنرخەکان بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن ئەوەی ئەو شتانە بەکاردەهێنێت لە دۆخێکی خۆشگوزەراندا دەژی، ئەمەش مافی ئەوەی پێ دەبەخشێت کە پێگەیەکی باڵای کۆمەڵایەتی داگیربکات یان بەو بەکاربردنە پێگەی خۆی لە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا پشتڕاست دەکاتەوە (بدوي, 1982, ص.83).

بەبۆچوونی (مارشال) (1998) بەکاربردنی ڕواڵەتی جۆرێکە لە نمایشکردن و دابەشکردنی سامان و کاڵا، نموونەی خۆشگوزەرانی ڕواڵەتی لە بەدەستهێنانی پۆشاک و بەرهەمە دڵخۆشکەرەکان دەخرێتەڕوو، کە ئاماژەن بۆ سامان و پێگەی خاوەنەکەی (مارشال, 2000, ص.901). بەڵام (مانۆلیس و ڕۆبێرتس-Manolis & Roberts) (2008) بەکاربردنی ڕواڵەتی بە پرۆسەیەکی پاڵنەر پێناسە دەکەن کە تاکەکان لەڕێگەیەوە کاردەکەن بۆ باشترکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان،

بەو مانایەی بەکاربردنی ڕواڵەتی لە بەرهەمە بەکاربەرییەکانەوە پێشنیار بۆ پێگەی تاکەکان و ئارەزوومەندان دەکات (Manolis and Roberts, 2008, P.555).

هەروەها (سالم محمد و محمد فتحي) (2020) بەکاربردنی ڕواڵەتی دەناسێنن بە کڕین یان بەدەست هێنانی کاڵا کرانبەهاکان لەلایەن خەڵکانێک کە ئەو توانایە یان ئەو داهاتەیان نییە بۆ کڕینی، جگە لەوەش ئەو کاڵایانەی لەلایەن ئەو کەسانەوە کە بەدەست دەهێنرێت بەدەگمەن بەکاری دەهێنن(بومريومه و الزليتني, 2020 , ص.8). لەلایەکیتریشەوە بەکاربردنی ڕواڵەتی لەلایەن (العال) (2022) بەواتای شانازیکردن و خۆنمایشکردن و خۆشەویستی ڕواڵەتی و بەدەستهێنانی هەموو شتێکی بەهادار و بەناوبانگ دێت، بەبێ گوێدانە گرنگییەکەی و بەبێ پێویستی بەکاربردنی، لەگەڵ ئەوشدا لاساییکردنەوەی کەسایەتییە ناودارەکان و دەوڵەمەندەکانە بۆ بەدەستهێنانی متمانە بەخۆبوونی زیاتر و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و شکۆمەندییەکی ساختە لە کۆمەڵگەدا(العال, 2022, ص.139).

**پێناسەی تیۆری بەکاربردنی ڕواڵەتی:** بریتییە لە خەرجکردنی یان بەهەدەردانی پارە لە کڕینی کاڵا و پێداویستییە گرانبەها و دەگمەنەکان، کە زۆر بەکەمی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاریدەهێنن. ئەو پێداویستییانە بەهایەکی بەرزیان هەیە کە یارمەتی خاوەنەکەی دەدات جیاواز دەربکەوێت، بۆ بەدەست هێنانی بەختەوەری و ڕەزامەندی و سەرسامی کەسانی دیکە، بۆ باشتر کردنی پێگەی کۆمەڵایەتی لە پێناو خۆ نمایشکردن و ناوبانگ پەیداکردن و لەبەرچاوگرتنی فشارە کۆمەڵایەتییەکا و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان.

## 4.تیۆرەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە

بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە بەکاربردنی ڕواڵەتی دەبێت لە تێڕوانینە تیۆرییە مێژووییەکانەوە دەست پێبکەین کە لەلایەن توێژەران و زانایان ئاراستە کراون، تێڕوانینەکان پشت بە تیۆرەکانی بەکاربردن ببەستن بۆ تێگەیشتن لە زۆرێک لە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان. بەتایبەتی ئەو گۆڕاوانەی کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە پەیوەندییان بە پرسی بەرکاربردن بەگشتی و بەکاربردنی ڕواڵەتی بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. توێژەر پێداچوونەوە بە دیدگا تیۆرییەکان دەکات سەبارەت بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی.

لەڕوانگەی (کارل مارکس- Karl Marx)ەوە (1818-1883) بەکاربردن پەیوەندییەکی نزیکی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە هەیە. سەرمایەداری پێداویستییە دەستکردەکان بۆ تاکەکان درووست دەکات کە ڕەنگدانەوەی پێویستییە ڕاستەقینەکانیان نییە. (ئیمیل دورکهایم - Emile Durkheim) (1858-1917)بە پێچەوانەی (مارکس- Marx)ەوە پێیوابوو کە دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری دیاریکراودا پرۆسەی بەکاربردن دیاری دەکات. ئەو بڕوای وایە بەها کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر کردار و ڕەفتار و هەڵبژاردنی بەکاربردنی تاکەکان هەیە(فلوري, 2008, ص.13). لەم دیدەوە (مارکس- Marx) بەکاربردنی بە ڕەهەندە ئابوورییەکانەوە گرێداوە، بەڵام (دورکهایم –Durkheim) بەکاربردنی بە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستۆتەوە .

هەروەها بەکاربردن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوازی بەکاربردنی جیاواز. (تۆرشتاین ڤێبلن-Thorstein Veblen) (1857-1929) ئابووریناسی ئەمریکی یەکێک بوو لەوانەی کە بەکاربردنی بە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستۆتەوە، جەختی لەوە کردۆتەوە کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دیاریکردنی شێوازی بەکاربردندا دەگێڕن، بۆ نموونە دەوڵەمەندەکان لە کۆمەڵگەدا سامانەکانیان بە شێوەیەک خەرج دەکەن کە هێمای پێگەی چینایەتییان نیشان دەدات (بورديو, 2012, ص.68-69).

جگە لەوەش، هەندێک توێژینەوەی کۆمەڵناسی پێشنیاری ئەوە دەکەن کە کەڵەکەبوونی هێما لە پرۆسەی بەکاربردندا لایەنێکی بنەڕەتی کولتووری پێکدەهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە (ژان بۆدریلارد-Jean Baudrillard) (1929-2007) دەڵێت: بەکاربردن نابێت تەنها وەک بەکارهێنانی کاڵای بەنرخ یان سوودی ماددی سەیر بکرێت، بەڵکو دەکرێ وەک بەکارهێنانی هێماکانیش سەیر بکرێت(Djamila, 2023, P.191). هەر لە چوارچێوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکاندا، (پیر بۆردیۆ-

Pierre Bourdieu) (1930–2002) بۆچوونی خۆی لەبارەی بەکاربردنەوە خستۆتە ڕوو، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن پاشخانی خێزان و پەروەردەی سەرەتایی، سەلیقە و پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە قاڵب دەدەن. لە خێزانەکاندا سەرمایەی کولتووری، وەک زانینی هونەر یان مۆسیقا، لە ڕێگەی پەروەردە و خووەوە دەگوازرێتەوە، کاریگەری لەسەر شێوازی بەکاربردنیان هەیە. تاکەکان لە ڕێگەی پاشخانی پەروەردەییەوە سەرمایەی کولتووری بەدەست دەهێنن ئەم کاریگەرییە سەرەتاییانە دیاری دەکەن کە تاکەکان چ بەرهەم و ئەزموونێک بە بەها دەزانن. بەم پێیە، پاشخانی خێزان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە داڕشتنی ئارەزو و بەکاربردنی ڕواڵەتی تاکەکان(Huang, 2019, P.46–47).

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و بەکاربردنی ڕواڵەتی، لەم ڕوانگەیەوە دوو تیۆری پەیوەندیدار بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و بەکاربردنی ڕواڵەتی دەخەینەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

### 1.4. تیۆری بەکاربردنی ڕواڵەتی (تۆرشتاین ڤێبلن-Thorstein Veblen)

(تۆرشتاین ڤێبلن-Thorstein Veblen) (1857–1929) بە یەکێک لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی ئابووری دادەنرێت، و تیۆرییە کاریگەرەکانی لە تێگەیشتن لە ڕەفتارەکانی بەکاربردن و چینە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش کردووە، بۆنموونە تیۆری بەکاربردنی ڕواڵەتی (Conspicuous Consumption) (1899).

تیۆرییەکە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن کاڵای نایاب و بەهادار و ڕواڵەتی، وەک ئامرازێک بۆ ئاماژەدان بە پێگەی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێت. تیۆرییەکە شیکارییەکانی لەسەر بنەمای ئەم چەمکانەی خوارەوە دەخاتەڕوو(Thorstein, 1899, P.1–5):

چەمکە بنەڕەتییەکانی تیۆرەکە:

- نمایشی کۆمەڵایەتی: تیۆرییەکە باس لەوە دەکات کە تاکەکان تەنها بۆ تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان یان بۆ بەدەستهێنانی سوودی ماددی، کاڵا و خزمەتگوزاری ناکڕن، بەڵکو بۆ پیشاندانی سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆشیان، کاڵا و خزمەتگووزارییەکان دەکڕن. بیرۆکەی بنەڕەتی ئەوەیە کە بەکاربردنی ڕواڵەتی ئامانجی نیشاندانی خۆشگوزەرانی و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانە بەرامبەر ئەوانی دیکە(Thorstein, 1899, P.167–168).
- جیاکاری کۆمەڵایەتی: (ڤێبلێن) گریمانەی ئەوە دەکات کە تاکەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی بەکاربردنی کاڵای نایاب و دەرکەوتنی سەرنجڕاکێشەوە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دیاری بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان. کاڵای نایاب وەک هێمای سامان و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت( Thorstein, 1899, P.70).

تێڕوانینێکی گشتی:

(ڤێبلن-Veblen) چەمکی بەکاربردنی ڕواڵەتی ناساند بۆ وەسفکردنی ئەوەی کە چۆن تاکەکان بەشداری بەکاربردن دەکەن بۆ پیشاندانی سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی. ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر فشارە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانییە کولتوورییەکان دەکاتەوە کە تاکەکان پاڵدەنێن بۆ بەدەستهێنانی کاڵای خۆشگوزەرانی و ئاسوودەبەخش وەک ڕێگەیەک بۆ ئاماژەدان بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان. تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن بەکاربردن تەنها پەیوەندی بە دابینکردنی پێداویستییەکان نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و شکۆمەندی و کەسایەتی و پلەوپایەوە هەیە( Thorstein, 1899, P.68–80).

بنەما سەرەکییەکانی تیۆرەکە:

- تیۆرییەکە لەسەر بنچینەی ئەو بنەما دامەزراوە کە جیاوازی لە نێوان بەکاربردنی پێویست و بەکاربردنی ڕواڵەتیدا دەکەن. بەکاربردنی ڕواڵەتی توخمە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت کە لایەنی سوودی ئابووری تێدەپەڕێنێت.
- جەختکردنەوە لەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە کۆمەڵگەکان لە چینە کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتوون کە ئارەزووەکانیان جیاوازن. بەکاربردنی ڕواڵەتی ڕێگایەکە بۆ ئەوەی تاکەکانی چینی سەرەوە خۆیان لە چینی خوارەوە جیا بکەنەوە، بە بەکاربردنی ئەو کاڵایانەی کە بە ناپێویست دادەنرێن، بەڵام خۆشگوزەرانی دەهێنن(Thorstein, 1899, P.10–21).

بەکارهێنانی تیۆری:

▪ شیکاری ڕەفتاری بەکاربەر: دەتوانرێت تیۆرییەکە بەکاربهێنرێت بۆ شیکردنەوەی ئەوەی کە چۆن بەها کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن هەیە. بۆ نموونە چۆن تاکەکان کاڵای نایاب هەڵدەبژێرن بۆ دەربڕینی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە چوارچێوە دیاریکراوەکانی وەک بۆنە کۆمەڵایەتییەکان یان بۆنە گشتییەکاندا.

▪ جیاوازی چینایەتی: تیۆرییەکە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە کەلێنەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی بەکاربردنی ڕواڵەتی بۆ بەرزکردنەوە یان پشتڕاستکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی.

▪ کاریگەرییە کولتوورییەکان: هەروەها دەتوانرێت تیۆرییەکە بەکاربهێنرێت بۆ توێژینەوە لەوەی کە چۆن بەها کولتوورییەکان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە، هەروەها چۆن تاکەکان لە چوارچێوەی جیاوازدا هەست بەم بەهایانە دەکەن.

بۆیە ئەم گریمانەیە بەپێی تیۆرەکەی (تۆرشتاین ڤێبلن) پێشبینی دەکرێت: بەکاربردنی ڕواڵەتی ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتییە و بە ئامرازێک دادەنرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی باڵادەستی کۆمەڵایەتی.

## 2.4. تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی (هێنری تاجفێل-Henri Tajfel ) و (جۆن چارلز تێرنەر-John Charles Turner)

(هێنری تاجفێل-Henri Tajfel ) (1919 –1982) دەروونناسێکی کۆمەڵایەتی پۆڵەندی بووە، بە کارە پێشەنگەکانی لەسەر تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی ناسراوە.

هەروەها (جۆن چارلز تێرنەر - John Charles Turner) (1947 - 2011) دەروونناسێکی کۆمەڵایەتی بەریتانی بووە کە لەگەڵ هاوکارەکانیدا تیۆری خۆپۆلێنکردنیان پەرەپێداوە. تیۆری خۆپۆلێنکردن وەک تیۆرێکی هاوڕێی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی پەرەی پێدراوە، ئەو دوو تیۆرییە بە تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی ناسراون.

هێنری تاجفێل و جۆن تێرنەر: بە پلەی یەکەم پەیوەندییان بە دەروونناسی کۆمەڵایەتی هەیە. بە کارەکانیان لەسەر تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی ناسراون. ئەم تیۆرییە توێژینەوە لەوە دەکات کە چۆن تاکەکان خۆیان و ئەوانی دیکە بۆ گروپەکان پۆلێن دەکەن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵوێستەکانیان دەبێت. جەخت لەسەر گرنگی ئەندامێتی گروپ دەکاتەوە لە دارشتنی چەمکی خۆ و پەیوەندییەکانی نێوان گروپەکان و چۆن ئەندامێتی گروپ کاریگەری لەسەر ناسنامە و ڕەفتاری تاکەکەسی هەیە(Tajfel and Turner, 1979, Tajfel and Turner, 1986, P.7-10).

تێڕوانینێکی گشتی:

ئەم تیۆرییە گریمانەی ئەوە دەکات کە تاکەکان بەشێک لە ناسنامەکانیان لەو گروپە کۆمەڵایەتییانەی کە سەر بە خۆیانن وەرئەگرن. ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن هەڵبژاردنی بەکاربردنی مرۆڤەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بێت بەهۆی خواستی خۆیان بۆ گونجان یان جیاکردنەوەی خۆیان لە کەسانی دیکە لەناو گروپە کۆمەڵایەتییەکانیاندا. ئەمە دەتوانێت پەیوەندی بە بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە هەبێت، چونکە خێزانەکان ڕەنگە هەندێک شت بکڕن بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان هاوتەریب بن یان جیاواز بن(Tajfel and Turner, 1979, Tajfel and Turner, 1986, P.7-10).

گریمانەکردن:

- ئەم تیۆرییە گریمانە دەکات کە تاکەکان بەشێکی ڕواڵەتی لە ناسنامەکانیان لەو گروپانە وەردەگرن کە سەر بە خۆیانن (بۆ نموونە نەتەوە، ئایین، چینە کۆمەڵایەتییەکان) (Tajfel and Turner, 1986, P.7-10).
- گریمانەکە جەخت لەسەر دوو پرۆسەی سەرەکی دەکاتەوە: پۆلێنکردنی کۆمەڵایەتی (پۆلێنکردنی مرۆڤەکان بۆ گروپ) و بەراوردکردنی کۆمەڵایەتی (هەڵسەنگاندنی خۆت لە پێوەندی لەگەڵ ئەوانی تر) (Tajfel and Turner, 1986, P.7-10).
- تیۆرییەکە دیاردەکانی وەک لایەنگری لەناو گروپ و جیاکاری دەرەوەی گروپ ڕوون دەکاتەوە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن جوڵە و چالاکی گروپ دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەڵوێست و ڕەفتارەکان هەبێت(Tajfel and Turner, 1986, P.10-15).

بەکارهێنانی تیۆری:

- جیاوازی کۆمەڵایەتی: ناسنامەی گروپ کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانی بەکاربردن. بۆ نموونە، تاکەکانی کۆمەڵگە لەوانەیە شێوازی بەکاربردن بگرنەبەر کە لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکەیاندا هاوتەریب بێت بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی.
- فشاری کۆمەڵایەتی: ڕەنگە خێزانەکان هەست بە فشار بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەفتاری بەکاربردنی گروپە کۆمەڵایەتییەکانیان بگونجێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن و خەرجییەکانیان دەبێت.
- چاوەڕوانییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان: چاوەڕوانییەکان کە بەستراوەتەوە بە ناسنامەی گروپییەوە دەتوانن پێشبینی ئەوە بکەن کە چی بە بەکاربردنێکی قبوڵکراو دادەنرێت، کاریگەری لەسەر ئارەزوو و ڕەفتارەکان دەبێت.

بە گوێرەی تیۆرەکەی (هێنری تاجفێل و **جۆن چارلز تێرنەر**) ئەم گریمانەیە پێشبینی دەکرێت. ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی هەیە. بە لەچوارچێوەدانی بە کاربردن لە چوارچێوەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاری کۆمەڵایەتی، گریمانەکە ڕێبازێکی گشتگیر پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (پێگەی کۆمەڵایەتی و فشارە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان)، کە بەکاربردنی ڕواڵەتی ئاڕاستە دەکەن.

## 5.توێژینەوەکانی پێشووتر و تاووتوێکردنیان

### 1.5. توێژینەوەکانی پێشووتر:

#### 1.1.5. توێژینەوە عێراقییەکان:

**1) (کاظم, 2006) (بەکاربردنی ڕواڵەتی بەپێی بوار و هۆکارەکانی – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری موسڵ)**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی بەکاربردنی ڕواڵەتی بەپێی هەموو بوارێک و ڕوونکردنەوەی سروشتەکەی بەپێی هەموو هۆکارێک، هەروەها زانینی دیارترین هۆکارەکانی کە پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێت بۆ کڕینی کەلوپەلە ڕواڵەتییەکان. توێژینەوەکە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونەی بەکارهێناوە، قەبارەی نموونەکەش (200) کەسی شاری موسڵ بووە، لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی و چاودێری و چاوپێکەوتنەوە وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر بابەتی توێژینەوەکە. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە بەکاربردنی ڕواڵەتی سروشتێکی یەکگرتووی نییە، بەو پێیەی هەربوارێک پلەی تایبەتی خۆی هەیە، بۆنموونە شێوەی بەکاربردنی ڕواڵەتی لە بواری ئاهەنگەکاندا و ئارەزووی دەرکەوتن لە ڕێکخستنەکانیاندا جیاوازە لەوەی لە بواری بانگهێشتنامە و دیاریدا هەیە. هەروەها سەربارەت بە دیارترین هۆکار کە تاکەکان بەرەو بەکاربردنی ڕواڵەتی دەبات، هۆکاری کۆمەڵایەتییە. هەروەها دەرکەوتووە کە بەکاربردنی ڕواڵەتی بەپێی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەرە جیاوازە.

**2) (ابراهیم و لفتة, 2013) (ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر خواستی بەکاربەری لەناو بەکارهێنەرانی عێراقیدا هەیە- توێژینەوەیەکی شیکارییە لە بۆچوونی نمونەیەک لە کڕیاران بە بەکارهێنانی شێوازی شیکردنەوەی هۆکاری)**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە تیشک بخاتە سەر ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر خواستی بەکاربەری هەیە لەناو بەکاربەرانی عێراقیدا، دیاریکردنی ئاستییان بەپێی ڕادەی کاریگەری و گرنگییان، لەڕێگەی وەرگرتنی ڕاو و بۆچوونی نموونەیەکی (58) کەسی لە کڕیارانی کاڵای کارەباری لە بازاڕەکانی بەغدا. فۆرمی ڕاپرسی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بەکارهاتووە لە نموونەی لێتوێژراو، لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتووە: سەلمێنراوە کە پەیوەندی بەهێز لەنێوان کۆمەڵێک هۆکار و خواستی بەکاربەریدا هەیە، ڕیزبەندی هۆکارەکان بەپێی ڕادەی کاریگەرییان لەسەر دیاردەی بەکاربەری بریتییە لە (هۆکارە ژینگەییەکان، هۆکارە کەسییەکان، هۆکارەکانی پەیوەست بە کاڵاکان، هۆکارە دەروونییەکان، خێزان). دەرکەوتووە کە جیاوازییەکی بەرچاو سەربارەت بەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر خواستی بەکاربەری هەیە بەپێی تایبەتمەندییە کەسییەکانی وەک (ڕەگەز، باری خێزانداری، تەمەن) لە وەڵامەکاندا نەبووە.

**3) (محمد, 2017) (ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی کولتوری بەکاربردن–مامۆستایانی پەروەردەی شاری سلێمانی بە نموونە)**

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕووی ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی کولتووری بەکاربردنە لای مامۆستایانی پەروەردەی شاری سلێمانی. دەرخستنی جیاوازی بەکاربردن بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز (نێر و مێ) و باری خێزانداری. هەروەها بوونی پلانی خەرجکردن لەلایەن یەکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی سەرەوە. توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، پشت بە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە بەستراوە. نموونەی وێژینەوەکە هەڕەمەکی چینایەتییە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی کە بەسەر (450) نموونەدا دابەشکراوە. لە گرنگترین ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە، بەکاربردن مانا و هێمای کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان تەنها دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە نییە، بەڵکو بۆتە هۆی دابەشبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەندێک بۆ خۆنمایشکردن. هەروەها ڕاگەیاندن و بەبازاڕکردن کۆمەڵگەی بەرەو بەکاربردنی زیاتر ئاڕاستە کردووە. ڕیکلام و بەبازاڕکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە جێبەجێکردنی مەبەستەکانی سەرمایەداری لەڕێگەی دروستکردنی خواستی بەکاربەری و چێژ وەرگرتن لە بازاڕکردن و گەیشتن بە ئاسوودەیی، لەڕێگەی خەرجکردنەوە بۆ دەستخستنی زۆرترین کاڵا و خزمەتگوزاری لەلای خێزانەکان.

**4) (داود, 2022) (بەکاربردنی ڕواڵەتی و پەیوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتییەوە – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری موسڵ)**

**ئامانجی توێژینەوەکە** زانینی ئاست، کاریگەری و پەویەندی بەکاربردنی ڕواڵەتییە بە پێگەی کۆمەڵایەتی تاک، توێژینەوەکە پشتی شێوازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنموونە بەستووە، لە جۆری نموونەی هەڕەمەکی، نموونەی توێژینەوەکە لە (50) خێزان پێکهاتووە، لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە. لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی نزیک و پەیوەندیدار هەیە لەنێوان بەکاربردنی ڕواڵەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەداندا، ئەمە لە دووتوێی توێژینەوەکە لە ئەنجامی شیکردنەوەدا دەبینرێت. دەرکەوتووە کە پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر تاکەکان و ئەندامانی کۆمەڵگە هەیە، بەوپێیەی شانازی دەکەن و خۆیان لەو بابەتەدا نمایش دەکەن.

### 2.1.5. توێژینەوە عەرەبییەکان:

**1) (شومان, 2015) (گۆڕانی شێوازی بەکاربردن و پەیوەندییان بە پێگەی کۆمەڵایەتی: توێژینەوەیەکی کارپێکراو لەسەر خێزانی سعودیە)**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە دۆزینەوەی پێوەندی نێوان پێگەی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییەکەی لەسەر گۆڕانی شێوازی بەکاربەر لە کۆمەڵگەی سعوودیەدا، هەروەها دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی گۆڕینی شێوازی بەکاربردن لە کۆمەڵگەی سعودیەدا. توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستووە بۆ وەسفکردنی پەیوەندی نێوان گۆڕانی شێوازی بەکاربردن لە کۆمەڵگەی سعودیە و پێگەی کۆمەڵایەتی خێزانە سعودیەکان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە دانیشتوانی ڕەسەن لە خێزانەکان لە شانشینی سعودییە. جۆری نموونەکە هەڕەمەکییە لە (200) کەس لە سەرۆکی خێزانە سعودییەکان. فۆڕمی ڕاپرسی وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە. لە گرنگترین ئەنجامەکانیدا سەبارەت بە کاریگەری چینایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر گۆڕانی شێوازەکانی بەکاربردن، دەرکەوتووە گۆڕانی شێوازی بەکاربردن پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە پێگەی کۆمەڵایەتی.

**2) (بالحاج, 2016) (شێوازی بەکاربردنی خێزانی لەنێوان ڕواڵەتی (شانازیکردن و ئاسای) دا لەچوارچێوەی گۆڕاوە کۆمەڵگەییەکاندا)**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی هەڵوێستی سەرۆکی خێزانەکانە بەرامبەر بە کولتوری بەکاربردن، بە گرنگیدان بە جیاوازی نێوان بەکاربردنی ڕواڵەتی شانازیکردن و بەکاربردنی ئاسایی، و سەرچاوەکانی زانیاری سەبارەت بەم ئەزموونکردنانە.

هەروەها توێژینەوە لە ڕۆڵی ئەوان دەکات لە بەرەوپێشبردن و بڵاوکردنەوەی ئەم کولتوورە. توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی خێزانەکانە. توێژینەوەکە کە لە میسراتە لە لیبیا ئەنجامدراوە، فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نمونەیەک لە سەرۆکی خێزانەکان، لە گرنگترین ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە: وەڵامدەرەوەکان جیاوازییان لە نێوان سەرچاوە جیاوازەکانی بەکاربردندا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی سنووردارییان هەبووە لە پێشخستنی ئەم کولتوورە. پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی و زانیاری لەسەر ئەزموونکردنەکانی بەکاربردن دۆزرایەوە. دەرکەوتووە بەکاربردن وەک بەهایەکی کۆمەڵایەتی بووەتە نیشاندەرێکی سەرەکی بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی و خۆنمایشکردن، بەتایبەتی لە شوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا نایەکسانی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن هەبووە. هەروەها ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە زۆرجار بەکاربردن بەهۆی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاڕاستە دەکرێن.

**3) (الزهراني, 2017) (ڕاستی گەیشتن بە چەمکی بەکاربردنی بەردەوامی خێزانە سعودیەکان-توێژینەوەیەکی مەیدانی کە بۆ نمونەیەک لە خێزانە سعودییەکان بەکارهاتووە)**

ئامانجی توێژینەوەکە شێوازەکانی بەکاربردن لە سعودیە، بە تایبەتی گرنگی بە چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە و بەکاربردن دەدات، لە چوارچێوەی کاریگەریی ڕاگەیاندن و داشکاندن و ئۆفەرەکاندا. توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، توێژینەوەکە نمونەیەکی هەڕەمەکی سادەی لە (1345) سەرۆکی خێزانی سعودیە وەرگرتووە. ئەنجامەکان ئاشکرای دەکەن خەڵکی سعودیە بڕیاری کڕین لەسەر بنەمای هۆکارە دەرەکییەکان. دەرکەوتووە کولتوری بەکاربردن بەهۆی ڕازیکردنی دەستبەجێ و هاندانەکانی دەرەکییەوە لە قاڵب دەدرێت، کە هەندێکجار دەبێتە هۆی زیادەڕۆییکردن لە خەرجکردنی شتە ناپێویستەکان. لە سعودیە ڕەفتاری بەکاربەران بە شێوەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری فشارە کۆمەڵایەتییەکان و خواستی پیشاندانی سامان و پێگەدایە. ڕەوتێکی گەشەسەندوو بەرەو بەکاربردنی خۆنمایشکردن هەیە، بەتایبەتی لە بەکاربردنی (ئۆتۆمبێل، جلوبەرگ و ئەلیکترۆنیات). بەتایبەتی چینی ناوەڕاستی سعودیە ئەم فشارانەی لەسەرە، کە هەندێکجار دەبێتە هۆی خەرجکردنی زیادەڕۆیی بۆ شتە ناپێویستەکان. هەروەها بەکاربردنی شتومەکی جوانکاری و گرانبەها لە سعودیە پەیوەستە بە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەوە.

**4) (حميد, 2017) (پرۆسەی بەکاربردن لە خێزانەکانی جەزائیر لە ئابووری و پاشەکەوتکردنەوە تا دەرکەوتن)**

ئامانجی زانینی لایەنەکانی خەرجکردنە لە کۆمەڵگەی جەزائیردا، کێ بڕیاری کڕین دەدات لە خێزاندا، هەروەها ئایا خێزان لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی خێزانەکانی دیکەی دەوروبەری بڕیاری کڕین دەدەن، توێژینەوەیەکی شیکارییە لەسەر کاریگەرییەکانی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی جەزائیردا. لە ڕێگەی چاودێریکردنی مەیدانییەوە دەرکەوتووە ڕەفتاری بەکاربەری لە خێزانی جەزائیریدا جگە لە تێرکردنی پێداویستییە پێویستەکان، خێزانەکان هەوڵی کڕینی بەرهەمی جوانکاری و ڕواڵەتیش دەدەن، بەڵام تێبینی ئەوە کراوە کە خێزانە بەکاربەرەکان ئامانجی دیکەیان هەیە و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی ڕەفتاری بەکابەرییەوە بەدەستی بهێنن، کە بەڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەری میراتی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایە، ئەویش ئەو بەکاربردنە ڕواڵەتییە ناپێویستەیە کە خێزانەکان پەیڕەوی لێدەکەن بۆ مەبەستی خۆ نیشاندان و شانازی بەخۆکردن.

**5) (بودبزة و تمار, 2019) (هۆکارە کۆمەڵناسیەکان و پەیوەندییان بە کردەی بەکاربردن لەلایەن تاکی جەزائیردا)**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە، دۆزینەوەی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی کە کردەی بەکاربردن بەرهەم دەهێنن. ئاشکراکردنی کاریگەری گۆڕانی کولتوری بەکاربردن لەسەر خێزانی جەزائیر. دۆزینەوەی بەکاربردنە هێمایی و مەعنەوییەکانی بەکاربردن. دەستنیشانکردنی تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەریەکانیان لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی چۆنایەتی بەستووە، هەروەها چاودێریکردنی بەشداربووان، چاوپێکەوتنی چۆنایەتی و گفتوگۆی گروپی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری چۆنایەتی دیاردەکە و وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی. لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، ڕوون بۆتەوە بەکاربردنی ڕواڵەتی کێبڕکێ لە نێوان کایە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناساندنی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێت .ئەمەش بە تایبەتی لە ئاهەنگی هاوسەرگیری جەزائیردا دەرکەوتووە، چونکە

بەکاربردنی ڕواڵەتی وا لە تاک دەکات هەست بە شانازی و خۆنمایشکردن بکات لە چینی باڵادا. دەرکەوتووە تاکەکان لە چینە هەژارەکان ئاواتەخوازن سەر بە چینە باڵاکان بن، بۆیە هەوڵدەدەن بچنە ناو گۆڕەپانی بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی چینە باڵاکان.

**6) (إبراهيم وآخرون, 2024) (کولتووری بەکاربردن: دیدێکی کۆمەڵایەتی ئابووریيە)**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە زانینی تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەکاربەران، هەروەها شێوازی بەکاربردن لەناو خێزانە گوندنشینەکان و شارنشینەکاندا، هەروەها ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر بڵاوبوونەوەی کولتوری بەکاربردن هەیە، هەروەها کاریگەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شێوازەکانی بەکاربردن. توێژینەوەیەکی وەسفییە. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی ڕووپیوی کۆمەڵایەتی و شێوازی بەراوردکاری بەستووە، بە بەکارهێنانی فۆرمی چاوپێکەوتنی خێزانەکانی میصر، کە نمونەی هەڕەمەکییە و لە(371) خێزان پێکهاتووە. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، باڵادەستی پیاو لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بازاڕکردن و کڕینی پێداویستیەکانی ماڵ لە خێزانە شارییەکان، هەروەها هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان، لە گرنگترین هۆکارەکانن کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربردن لە خێزاندا هەیە. دەرکەوتووە جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانن کە کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی بەکاربردن هەیە. دەرکەوتووە جیاوازی کەلتووری نێوان گروپەکان لە بەکاربردندا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارە کەلتوورییەکان کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر هەیە و هۆکارێکە بۆ خۆهەڵکێشان و لاسایکردنەوە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا.

### 3.1.5. توێژینەوە بیانییەکان:

**1) (Wilska, 2002) (من – بەکاربەر؟ بەکاربردن، ناسنامە و شێوازی ژیان لە فینلەندای ئەمڕۆدا)**

گریمانەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هۆشیاری تاک لە شێوازی ژیانی بەکاربەری، پێکهاتنی شوناسش پرۆسەیەکی هۆشیارانەیە. لەم توێژینەوەیەدا تیۆرەکانی پێکهێنانی شوناس و شێوازی ژیان لەڕێگەی بەکاربردنەوە بەشێوەیەکی ئەزموونی شیکردنەوەی بۆ کراوە، بە شیکردنەوەی کۆمەڵە داتایەک کە لەڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی دەربارەی بەکاربردن و شێوازی ژیانی "فینلاند 1999 وەرگیراوە، توێژینەوەکە دەریخستووە هۆکارە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییەکان، وەک ڕەگەز، تەمەن، پێگەی چینایەتی کاریگەری بەهێزیان لەسەر زۆربەی شێوازەکانی ژیان و ڕەفتاری بەکاربەران هەیە. بەکاربەرانی فینلەندی لە ژێر کاریگەری گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندان.

**2) (Padilla and Puertas, 2021) (بەکاربردنی ڕواڵەتی لە بازاڕە تازە دەرکەوتووەکاندا: کەیسی ستاربۆکس لە کۆلۆمبیا وەک براندێکی جیهانی و بەردەوام)**

ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە پەیوەندی نێوان بەکاربردنی ڕواڵەتی و وێنەی براند یان دڵسۆزی بۆ براند هەیە. ئەم توێژینەوەیە کەیسی سندوقی ئەستێرە (ستاربۆکس) کە سێیەم گەورەترین هەناردەکاری قاوەیە لە جیهاندا وەک براندێکی جیهانی شیدەکاتەوە. هەروەها بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە چۆن ئەم براندە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لە بازاڕە تازە دەرکەوتووەکاندا دروست دەکات. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی چەندایەتی بەکارهێناوە، لەڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە، کە پێکهاتووە لە (305) نموونە کە تەمەنیان لەسەروی (18)ساڵیدایە زانیاریەکانی کۆکردۆتەوە. ئەنجامەکان پەیوەندی ئەرێنی و گرنگ لە نێوان دڵسۆزی بۆ براند و بەکاربردنی ڕواڵەتی پشتڕاست دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی یان خزمەتگوزارییانەی وەک بەشێک لە هێماکانی پێگە و ناسنامەی نەتەوەیی ئەو وڵاتە سەیر دەکرێن. بەم شێوەیە بەکاربەرانی ڕواڵەتی بە گشتی دیدێکی ئەرێنییان بۆ ئەو براندانەی کە دەیکڕن هەیە، چونکە پێگەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوان دەستەبەر دەکات.

## 2.5. تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر

بۆ ئەوەی بەراوردێکی ورد و قووڵ و باش داڕێژراو بۆ توێژینەوەکە پێشکەش بکەین لەسەر بنەمای ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان و بەکاربردنی ڕواڵەتی ، ئێمە سەرنج دەخەینە سەر ڕۆڵی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لەداڕشتنی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی. زەمینەی هاوبەشی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان (پێگەی کۆمەڵایەتی، فشارە کۆمەڵایەتییەکان، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان) و بەکاربردنی ڕواڵەتی:

– **پێگەی کۆمەڵایەتی:** لە زۆربەی توێژینەوەکاندا، پێگەی کۆمەڵایەتی بە بزوێنەری سەرەکی بەکاربردنی ڕواڵەتی دادەنرێت. تاکەکان شێوازی بەکاربردنیان ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی یان بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتر بێت. ئەمەش لە توێژینەوەکانی (داود، 2022) و (محمد, 2017) و (إبراهيم و حسين و العشري، 2024) و (شومان، 2015) و (بودبرة و تمار، 2019) و (كاظم، 2006) و (بالحاج، 2016) و (ئەلزەهرانی، 2017) و (حەمید، 2017) و (Padilla and Puertas, 2021)دا دەبینرێت، بەکاربردن وەک ئامرازێک بۆ پیشاندان یان پاراستن یان بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت. ئەمەش ڕێگەیان پێدەدات ناسنامەی خۆیان لە شوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا دووپات بکەنەوە و ئاماژە بە پێگەی خۆیان بکەن لەناو پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

– **فشارە کۆمەڵایەتییەکان:** ڕۆڵی فشارە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆرێک لە توێژینەوەکاندا دەرکەوتووە. لە توێژینەوەکانی (ئەلزەهرانی، 2017) و (حەمید، 2017)، تاکەکان ڕووبەڕووی فشاری کۆمەڵایەتی دەبنەوە بۆ بەکاربردن بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە بێت، کە پەیوەندی بە خۆگونجاندن لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بۆئەوەی مرۆڤ بە سەرکەوتوو یان ڕێزدار هەژمار بکرێت.

– **چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان:** چاوەڕوانی بۆ دەرکەوتن بە شێوەیەکی دیاریکراو بە شێوەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری بەهای کولتووری و فشاری هاوتەمەنەکاندایە. ئەمەش بە تایبەتی لە توێژینەوەکانی (إبراهيم و حسين و العشري، 2024) و (بودبرة و تمار، 2019) (ئەلزەهرانی، 2017) و (حەمید، 2017) (Wilska, 2002)دا دەرکەوتووە، تاکەکانی چینی خوارەوە لاسایی شێوازی بەکاربردنی چینی سەرەوە دەکەنەوە بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی. ئەم خواستە بۆ لاسایکردنەوەی خووی دەرکەوتن و شێوازی بەکاربردنی چینی باڵا، ڕەنگدانەوەی پێویستییەکی قووڵە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە. کە زۆرجار تاکەکان کاڵای گرانبەها دەکڕن بۆ ئەوەی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان جێبەجێ بکەن و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دووپات بکەنەوە.

## 6.ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی

ڕێبازە تیۆرییەکان لە کۆمەڵناسی بەکاربردندا گرنگی ڕەچاوکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تەمەن، ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵایەتی، چین و پیشە لە کاتی ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری بەکاربردندا دەردەخەن. بەکاربردن تەنها کردەوەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیشە کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە. زۆرجار ڕەفتاری بەکاربەر پەیوەستە بە خواستی پیشاندانی هێما کولتوورییەکان کە ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤن. ئەو کاڵایانەی مرۆڤ و خێزانەکان هەڵیدەبژێرن بۆ بەکاربردن یان نمایشکردن دەتوانن ئاماژە بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بکەن، لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی بەرهەم کە پەیوەندییان بە ئاستی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە هەیە(إبراهيم وآخرون, 2024, ص.141). لەڕوویەکیترەوە بەکاربردنی ڕواڵەتی، دەبێتە ڕێگەیەک بۆ خێزانەکان بۆ دەربڕینی جیاوازی کولتووری لە هەمان کاتدا قبوڵکردن لە کۆمەڵگەی سەرەکیدا بەدەستبهێنن. بەڵام ئەم شێوازە دەتوانێت ئەندامێتی کۆمەڵگە بۆ زۆر کەس بەهۆی گرنگیدان بە سەرکەوتنی ماددیەوە وەک شتێکی بەدەستنەهاتوو دەرکەوێت. بەکاربردن هەم وەک نیشاندەری ناسنامەی کەسی و هەم وەک ناسنامەی بەکۆمەڵ کاردەکات، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی پێناسەکردن و ناسینەوەی خێزانەکان لەلایەن کەسانی دیکەوە هەیە(Lamont and Molnár, 2001, P.42).

ئەگەر دەستەواژەی "پێکهاتەی بەکاربردن" هێمای هۆکاری ئابووری بێت، ئەوا دەستەواژەی شێوازی بەکاربردن هێمای هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانە، وەک ئابووریناس (مۆدیگلیانی–Modigliani) ئاماژەی بەوەداوە کە بەکاربردنی تاکەکان تەنها بە هۆکاری داهات کاریگەر نابێت، بەڵکو ڕەفتاری ئابووری تاکەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەفتاری گرووپی کۆمەڵایەتی مەرجعی، واتا ئارەزوو دەکات بگات بە ئاستی کۆمەڵایەتی ئەو گرووپەی کە کۆمەڵناسان پێیدەڵێن "گرووپی کۆمەڵایەتی مەرجعی"(حبيل, 2013 , ص.218). گرووپی مەرجعی یان سەرچاوە ئەوانەن کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کەسانی دیکە هەبێت. خێزانەکان، وەک گرووپێک پێناسە دەکرێن کە بە ڕەفتار و کردارەکانیان کاریگەرییان لەسەر کردار و داواکاری و ڕەفتاری ئەوانیتر هەیە(مرزق و يونسي, 2021, ص.576). گرووپە مەرجعییەکان بڕیارەکانی کڕین لە

قاڵب دەدەن بە سەپاندنی یاسا و ستانداردەکان کە ڕێنمایی ڕەفتاری ئەندامانی دەکات. ئەمەش بە تایبەتی لەوەدا دیارە کە چۆن گروپەکانی وەک گەنجان کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی یەکتر هەیە لە بوارەکانی وەک مۆدە، گەشتکردن و کات بەسەربردن(سليمان, 2000, ص.251). هەروەها لە توێژینەوەکەی (هادي علي هادي و صباح أحمد نجار)تادا دەرکەوتووە کاریگەری گروپەکانی مەرجەع لەسەر ڕەفتاری تاکەکان بە پێی ڕەگەز و تەمەن و خوێندن جیاوازە. لەگەڵ ئەوەشدا تاکەکان بە توندی کاریگەری گروپی (خێزان، هاوتەمەن، ژینگەی کار، ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)یان لەسەرە لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانیان(علي و نجار, 2023, ل.360).

ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی کولتووری کۆمەڵگە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی بڕیاردانی کڕین هەیە. لە کولتوورەکانی ڕۆژهەڵاتدا زۆرجار بەکاربردن لەگەڵ بەرژەوەندییە گروپییەکان هاوتەرییە، لە کاتێکدا لە کولتووره ڕۆژئاواییەکان ئامانجە تاکەکەسییەکان و کێبڕکێ لە پێشینەدان. کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکان هەیە بە بەهادان بە هەندێک تایبەتمەندی بەرهەم، ئەم کاریگەرییە کۆمەڵایەتییانە درێژدەبێتەوە بۆ بڕیارەکانی کڕینی خێزان(سليمان, 2000, ص.173). ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی لە چوارچێوەی چەمکەکانی (بۆردیۆ) سەبارەت بە سەرمایەی کولتووری و خوو (هابیتوس) ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن پاشخانی (کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری) خێزان ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاک لە قاڵب دەدەن. خێزان کاریگەری لەسەر گەشەکردنی سەلیقە و بەها و ئەزموونکردنەکان هەیە و تاکەکان لەناو خێزان و لە کۆمەڵگەدا ئاڕاستەدەکات(Huang, 2019, P.49). لەم ڕوانگەیەوە کردەی بەکاربردنی ڕواڵەتی تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی نۆرمەکانی کولتووری، بۆنە ئایینییەکان، شێوازی ژیانی خێزانیی و ئەو بەها و ئاواتانەی تاک و خێزانەکان سەبارەت بە قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی هەیانە، لە قاڵب دەدرێت. جگە لەوەش کاریگەری کارتێکەرەکان وەک (هاوڕێ، دراوسێ، خزم و کەسایەتییە گشتیەکان) ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە ڕەفتاری بەکاربردندا. زۆر کەس پۆشاکی جوانکاری بەکاردەهێنن بۆ ئاماژەدان بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ناسنامە. کە لەخاوەندارێتی کەلوپەل و کاڵای نایابدا دەردەکەون وەک خاوەندارێتی ئۆتۆمبیلی نایاب و خانوو و کۆشک و تەلاری ڕازاوە و کەلوپەلی گرانبەها و کاڵای خاوەن براندی بازرگانی و جلوبەرگی مۆدە و بۆنە و ئاهەنگ و گەشتکردن و شێواز و جۆری خۆراک و چەندان شتیتر(العيدان, 2023, ص.19). بەکاربردنی ڕواڵەتی ئاماژەیە بۆ ئەو ڕەفتار و کردارانەی کە تاک بەشداری تێدا دەکات بە پشتبەستن بە چۆنیەتی پەیوەندییان بە شێوازی ژیان یان تێڕوانینەکانی ئەوانی ترەوە. ئەمەش هەڵبژاردنەکانی پەیوەست بە جل و بەرگ و خواردن و مۆبیلیات و شتە کەسییەکانی تر دەگرێتەوە. لە ڕێگەی ڕەفتاری دەرەکی و کەسایەتی مرۆڤەوە دەردەکەوێت. زۆرجار، تاکەکان ئەو کاڵایانە هەڵدەبژێرن کە مەرج نییە پێویستیان پێی بێت، بەڵام بۆ بەدیهێنانی ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لەناو هەندێک گروپی کۆمەڵایەتیدا، ئەوە دەکەن(بالحاج, 2016, ص.160).

هەروەها (ڤیبلن) دەستەواژەی بەکاربردنی ڕواڵەتی داهێنا لە تیۆری چینی خۆشگوزەران (1899) بۆ وەسفکردنی پێشبڕکێی بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی نیشاندانی سامان لەلایەن لە چینی ناوەند(Turner, 2006, P.88). بەکاربردنی ڕواڵەتی ئاماژەیە بۆ کردەی خەرجکردن بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ پیشاندانی سامان و پێگە و دەسەڵات، کە زۆرجار پێداویستییە سەرەتاییەکان تێدەپەڕێنێت. ئەم بابەتە لەلایەن (تۆرشتاین ڤیبلن)ەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا توێژینەوەی لەسەر کراوە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە تاکەکان کاڵاکان بۆ سەرسامکردنی ئەوانی دیکە و ئاماژەدان بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بەکاردەبەن. ئەم ڕەفتارە تەنها لە دەوڵەمەندەکاندا سنووردار نییە؛ تەنانەت چینەکانی خوارەوەش بەشداری تێدا دەکەن بۆ ئەوەی لاسایی گروپە پێگە بەرزەکان بکەن. زۆرجار ئامانجی کۆتایی بەدەستهێنانی شکۆمەندی و بەدەستهێنانی ناوبانگە لەسەر بنەمای سەرکەوتنی دارایی(Firat et al., 2013, P.185).

هەروەها ڕەفتاری ڕواڵەتی بەو کردارانە پێناسە دەکرێت کە لە ڕێگەی هێماکانی وەک پۆشاک یان خۆراکدا دەردەکەون، کە ڕەنگدانەوەی هەست و سۆزی تاکەکانە، کە دەتوانێت بە پشتبەستن بە ئەزموونە کەسییەکان و کاریگەرییە ژینگەییەکان بگۆڕێت. ئەم هەڵسوکەوتە لە لایەن هۆکارە دەرەکییەکانیشەوە لە قاڵب دەدرێت(النعيمي, 2011, ص.240). هەروەها کارتێکەرەکانیش کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر هەیە، کارتێکەرەکان کاریگەری کەسێکە بەڕادەیەکی زۆر

کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ژمارەیەکی بەرچاو لە بەکاربەران هەیە، کەناڵەکانی سۆشیال میدیا، ڕێگەی پێدەدات ئامۆژگاری و پێشنیار سەبارەت بە بەرهەم و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات(رزيق, 2024, ص.83). دەکرێ لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یان لەناو گروپێکی دیارکراو یان لە سۆسیال میدیا یان هەر کەناڵێکی پەیوەندی کردن ئامادە دەبێت تاکو بتوانێت بگاتە ئامادەبوانێکی زۆر. ئەو گروپە یان ئەو کەسە مەرجعیە کار بۆ بەدەستهێنانی متمانە و دڵسۆزی بینەرەکانی دەکات. دەکرێ گروپێک بێت یان ڕابەر یان ڕاهێنەر بێت، لەڕێگەی هەڵوێستی خۆی لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی یان گروپێک، هەڵوێستەکانی خۆی دەگەیەنێت، ئەزموون و تێڕوانینی بەشێوەیەکی ورد و باوڕپێکراو دەخاتەڕوو.

لەگەڵ کراوەیی تاکەکان بەڕووی جیهاندا بەگشتی دەبینین، کە تاکی بەکاربەر خواستی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بۆ تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان و بەدەستهێنانی سوود گۆڕاوە بۆ ڕەفتاری بەهەدەردان و زیادەڕۆییکردن. لەنێو گرنگترین لایەنە نەرێنییەکان لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، کە تایبەتمەندی ڕەفتاری بەکاربەر لە کولتووری هاوچەرخدا دەخاتە ڕوو، لەم شێوەیەی خوارەوە کورتیان دەکەینەوە وەک (پێگەی کۆمەڵایەتی، فشاری کۆمەڵایەتی، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان) کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە، بڕوانە شێوەی (1) بۆ زانینی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی.




**شێوەی (1) ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی**

**سەرچاوە: توێژەرەوە**

**1.6. پێگەی کۆمەڵایەتی:** کاتێک تاکێک دەچێتە ناو گروپێکەوە، ڕۆڵ و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی بۆ دیاری دەکرێت لەناو ئەو گروپەدا، کە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی، کە مرۆڤ چۆن دەبێت لەو پێگەیەدا ڕەفتار بکات. کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی کارلێکی تاک لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەیە. مرۆڤەکان پێگەکەیان لەسەر بنەمای سیفەتە کەسییەکان بەکاردەهێنن(الجوهري, 2010 , ص.123-128).

(وێبەر –Weber) پێیوایە گروپە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە ئاڕاستەکردنی تاکەکاندا بە دابینکردنی فەزایێک کە تیایدا فێری بەها و نۆرم و داب و نەریتەکان دەبن. بەهاکانی ناو ئەم گروپانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر هەڵبژاردنی تاکەکان هەیە، چونکە بە پێوەرەکانی گروپەکە ڕێنمایی دەکرێن.(فلوري, 2008, ص.26). لە ئەنجامدا ڕەفتاری تاکەکان بەهۆی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی کە سەر بە خۆیانن لە قاڵب دەدرێت و بەهاکان وەک چوارچێوەیەک بۆ کردارە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەن، ناکرێت لە دەرەوەی ئەو گروپانەی کە سەر بەون سەیر بکرێت و بیری لێبکرێتەوە. بەبۆچوونی(جۆس ئەندریس و ماریۆ ئەندریس Jose Andres and Mario Andres (2021)، (ڤیبلن–Veblen) لە تیۆری بەکاربردنی ڕواڵەتیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە تاکەکان زۆرجار ڕەفتاری بەکاربردنی ئەو کەسانە چاولێدەکەن دەکەن کە پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزتریان هەیە. ئەو دەڵێت نرخی کاڵاکان وەک هێمایەکی پێگە کاردەکات: ئەو کاڵایانەی کە نرخیان بەرزترە خوازراوترن، چونکە ئاماژەن بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزتر ( Areiza-Padilla and Manzi Puertas, 2021,

P.3). کاڵاکان لە دەستەبەرکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و جۆرایەتی ژیاندا گرنگن و پێگەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، هەروەها خاوەنداریێتی ماددیش بە سەرچاوەی ڕەزامەندی دادەنرێت(Singh, 2012, P.62).

لەئێستا خەڵک زیاتر خۆیان بەراورد دەکەن لەگەڵ ئەوانەی کە لە پلەبەندی ئابووریدا بەرزترن، دەوڵەمەندەکان بونەتە باوترین ئامانج کە خەڵک ئاواتەخوازن بۆی وەک سەنگی مەحەک(روزنبلات, 2011, ص.53). هەروەها زۆر توێژینەوەی تریش هەن کە کاریگەری جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەکاربردن دەخەنە ڕوو لەوانەش توێژینەوەی (کلۆد و کریستیان گرێنیۆن)، پێیان وایە جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی شێوازی ژیان جیاوازە و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەزموونکردنەکان پەیوەندییەکی قووڵیان بە سەلیقەکانەوە هەیە (الرحمن, 2012, ص.330). ڕەفتاری بەکاربەر لە ژێر کاریگەری فشاری گروپە کۆمەڵایەتییەکاندایە. چونکە تاکەکان هەوڵدەدەن خۆیان لە چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جیا بکەنەوە. خەڵکی کاڵاکان- وەک پۆشاکی مارکەدار، ئۆتۆمبێلی گرانبەها و شتە گرانبەهاکان- وەک هێمای شکۆمەندی و ناسنامە بەکاردەهێنن. بەم شێوەیە بەکاربردن پێداویستییە سەرەتاییەکان تێدەپەڕێت؛ وەک ڕێگەیەک بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و پیشاندانی پێگەکەی لە ڕێگەی هێما کولتوورییەکان و مانا هاوبەشەکانەوە(عنية 2014, ص199). لەلایەکیتریشەوە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سنووری کاریگەر بوونی تاکەکانی بە دەوروبەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی فراوانتر کردووە و بەرەوڕووی ڕەوتە جیهانییەکانی بردووە. لە کاتێکدا ئەم زیادبوونی پەیوەندییە دەتوانێت دیدگاکان فراوانتر بکات، بەڵام لاساییکردنەوەی کوێرانەی کولتوورەکانی دیکە دەتوانێت ببێتە هۆی دەرئەنجامە نەرێنییەکان، وەک فشاری دارایی و لەدەستدانی ناسنامەی کولتووری. ئەم فشارە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پێوەرە دەرەکییەکان بەشدارە لە بەرزبوونەوەی خواست لەسەر بەرهەمە بەکاربەرەکان کە بەستراوەتەوە بە ڕووداو و پێگە کۆمەڵایەتییەکان.(صونية, 2024, ص.9). بەکاربەران لەوانەیە ئامانجیان "کڕین" بێت بۆ گەیشتن بە چینێکی باڵاتر یان بەشداری بەکاربردنی ڕواڵەتی بکەن بۆ پیشاندانی دۆخ. هەروەکو تیۆرییەکانی سەرمایە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە چینی کۆمەڵایەتی لە ژێر کاریگەری سەرمایەی کولتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدایە، کە یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی گروپە جیاوازەکان. هەروەها تیۆرییەکانی ئەزموون پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ڕەفتاری بەکاربەر زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو خووانەیە کە لە پاشخانی چینایەتی فێربوونە( Solomon et al., 2016, P.503).

بەشێوەیەکی گشتی پێگەی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ڕەفتارەکانی بەکاربردن هەیە، بە تایبەت لە ڕووی بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە. خەڵک کاڵا ماددیەکان بەکاردەبەن بۆ ئاماژەدان بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان، پێگەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی کڕین هەیە، تاکەکان هەوڵدەدەن گروپە پێگە بەرزەکان وەربگرن.

**2.6 فشارە کۆمەڵایەتییەکان:** زەمینەی کۆمەڵایەتی وەک فشارێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە داڕشتنی هەڵوێستی بەکاربەر و بڕیارەکانی کڕین، بە تایبەت کاتێک بەرهەمەکان لە ئامادەبوونی کەسانی دیکەدا بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە، بەکارهێنەران دەتوانن پۆشاکی گرانبەهاتر یان جۆرایەتی بەرزتر هەڵبژێرن بۆ دروستکردنی وێنە یان کاریگەرییەکی دڵخواز. فشارە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنەران هەبێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێک بکەن کە هاوتەریب بێت لەگەڵ چۆنێتی هەستەکانیان(سليمان, 2000, ص.287).

خۆڕاگری کۆمەڵایەتی جێگەی ستایشە، بەڵام ئەمە بێ تێچوون نییە، چونکە تاکەکان هەست بە فشاری کۆمەڵایەتی دەکەن بۆ خەرجکردنی داهاتەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن ئەندامێتی لە گروپێکی کۆمەڵایەتی خوازراودا بەدەستبهێنن. ئەمەش بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە هەوڵدەدن بۆ گەیشتن بە پێگەیەکیتر، چونکە بێتواناییيان لەم کارەدا ڕەنگە ببێتە هۆی دابەزینی جۆرایەتی ژیان. لەم جۆرە بارودۆخانەدا فشاری خەرجکردن بە مەبەستی باشترکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ببێتە هۆی فشارێکی بەرچاو بۆ تاک و خێزانەکان(روزنبلات, 2011, ص.51). هەروەها دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پاشەکەوت کە پێچەوانەی خەرجییە زیادەکانە، کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبێت. ئەمەش خێزانەکان ناچار دەکات بەدوای سەرچاوەی جێگرەوەدا بگەڕێن بۆ پشتگیریکردن لە بەکاربردن، بەهۆی فشارە

کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی لەناو خێزانەکاندا(التویجري, 2023, ص.7). خەڵکانی کەم دەرامەت بەردەوام هەست بە فشاری بەردەوام دەکەن بۆ خەرجی زیاتر، بەڵام ئەو خەڵکانەی کە داهاتیان زیاترە کاڵای جۆرایەتی باشتر بەکار دەهێنن کەمتر ڕووبەڕووی ئەم بارە دەبنەوە. لە ئەنجامدا، فشارێکی کەمتری لەسەر دەبێت بۆ بەکاربردنی زیاتر بۆ پاراستنی پێگە و بڕوابەخۆبوون(McCormick, 2018, P.14). لەلایەکیترەوە جیهانگیری بۆتە هۆی تەقینەوەی کولتوری بەکاربەر، هەروەها شێوازەکانی بەکاربردنی جۆشداوە لەڕێگەی لاساییکردنەوەی ڕەفتاری بەکاربەری، ئەوەش لەژێر و کاریگەریی ڕاگەیاندن و بە بازاڕکردندا، هەموو ئەمانە فشارێکی کۆمەڵایەتی زۆریان لەسەر بەکاربەران و خێزانەکان دروست کردووە(نوال, 2018, ص.151). هەروەها لەلایەکیتریشەوە وەرگرتنی بەها و داب و نەریتی ڕۆژئاوایی لەلایەن گەنجانەوە، بەهۆی فشاری کۆمەڵایەتییەوەیە سووتەمەنی پێدەدرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتە جیهانییەکان بگونجێت و بگاتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو. ئاهەنگەکانی وەک شەوی سەری ساڵ و ڤالانتاین، لەگەڵ بەدواداچوون بۆ پێشبڕکێکانی جوانکاری، ڕەنگدانەوەی خواستی هاوتەریببوونە لەگەڵ ڕوداوە مۆدێرن و جیهانگیرییەکانی سەرنجراکێشی. ئەم ڕەوتە زۆرجار گرژی لە نێوان نەریتە ناوخۆییەکان و کاریگەری پەرەسەندنی نۆرمەکانی کولتووری جیهانیدا دروست دەکات(حدیدان, 2018, ص.203).

فشاری کۆمەڵایەتی ڕەفتار و هەڵوێستی بەکاربەران ئاراستە دەکات، بەتایبەتی لە چوارچێوەی بەکاربردنی ڕواڵەتیدا.فشارە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە بەکاربردنی ڕواڵەتی کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی بەکاربەر هەیە، ڕەفتاری بەکاربردن لە قاڵب دەدەن، بەتایبەتی لەناو ئەو گروپانەی کە داهاتیان کەمترە و هەوڵدەدەن بۆ گونجان لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی. بۆ پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی.

**3.6 چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان:** ئەمەش بەو مانایە دێت کە خێزانەکان ئەو کاڵا و پێداویستییانە دەکڕن کە ڕەنگدانەوەی پاشخانی کولتووری یان پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بن، ئەمەش ناسنامەیان بەهێزتر دەکات( Belk, 1988, P.148-150).هەر یەک لە (ئێریک. ج.ئارنۆڵد-Eric J. Arnould ) و (گۆردۆن تۆمپسۆن-Gordon Thompson) بەهۆی بەشداریکردنیان لە تیۆری کولتوری بەکاربەر و تێگەیشتن لە ڕەفتاری بەکاربەردا ناسراون. ئەوان سەرنجیان لەسەر مانا و بەها ئەزموونییەکان دەخەنەڕوو، جەخت لەسەر کارلێکی نێوان بەکاربردن لەگەڵ ناسنامە و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە. هەروەها دەرکەوتووە، مانا کولتوورییەکان، ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتە ئابوورییەکان ئەزموونەکانی بەکاربردن لە قاڵب دەدەن، ئەمەش کاریگەری چاوەڕوانییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەردەخات (Arnould and Thompson, 2008, P.868-870).

هەریەکە لە (ئارنۆڵد و تۆمپسۆن) لە کارەکانیاندا جەخت لەسەر ڕۆڵی کولتوور و ناسنامە و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە لە داڕشتنی ڕەفتاری بەکاربەردا، کە شێوە ئابوورییە باوەکانی بەکاربردن تێدەپەڕێنن( Arnould and Thompson, 2008, P.875-878). لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەوەشدا پۆستمۆدێرنیزمەکان*(بکر وئەوانیتر, 2024, ل.367). دەڵێن: چینە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار خووی بەکاربردنیان بە چاودێریکردنی ئەوانەی لە دەوروبەریانن، بەتایبەتی سەبارەت بە دەرکەوتن و پێگە، دەگرنەبەر. ئەم خواستە بۆ لاساییکردنەوە، لەژێر کاریگەری چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکاندایە، پەیوەستە بە گۆڕانکارییەکانی داب و نەریتەکانەوە، وەک بەرزبوونەوەی تێچووی هاوسەرگیری، کە بەشدارن لە کولتوورێک زیاتر سەرنجی لەسەر بەکاربردنی ڕواڵەتییەوە بێت(فرید, 2018, ص.92). هەروەها (دۆسنبری-Duesenberry) ئەم لاساییکردنەوە یان لێکچوونانە وەک کاریگەرییەکانی خستنەڕو و نیشاندانی نزیکایەتی کۆمەڵایەتی (ڕواڵەتی) دەریدەبڕێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان زیاتر لە داهاتی ئێستایان بەکاربردن بکەن، بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی کە چاوەڕێی لێ دەکرێت، بۆیە ئارەزووی بەکاربردنی خێزانەکان بۆ لاسایکردنەوەی، خەرجییەکانی زیاتر دەکات(Parada Corrales and Bacca Mejía, 2022, P.191). هەروەهها (بۆردیۆ) لە چەمکی کولتوری

---

* پۆستمۆدێرنیزم: بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری فراوانە بانگەشەیەی ئەوە دەکات، کە مەعریفەی بەسەرچوو گۆڕاوە بۆ بایەخدان بە پەیوەندییە بەهێزەکانی شێوازی کەسایەتی، گەڕان بەدوای بژاردەی نوێ، تاکگەرایی و سروشتی مرۆڤ و عەقڵ و زانست و زمان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

بەکاربەردا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ناوی دەنێت "یاری فریودان"، کە تاکەکان بۆ ئەو شتانە ڕادەکێشرێن کە بۆیان دەخرێتە بازاڕەوە، لە ژێر کاریگەری کێبڕکێی توند و تاکتیکی ڕیکلامی دەستکاریکەردا. ئەو باس لەوە دەکات کە شێوازی ژیان و ئەزموونەکان بە هەردوو خووی تاکەکەسی و نۆرمەکانی کولتووری بەکۆمەڵ لە قاڵب دەدرێن، کە لە ڕێگەی دەربڕینی هێماییەوە لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا ڕەنگ دەدەنەوە. (بۆردیۆ) ئەوە دەخاتە ڕوو کە کولتوری بەکاربەر تەنها پەیوەندی بە ئارەزووی کەسییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەها هاوبەشەکان و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە هەیە، هەر چینێک یان گروپێک خاوەنی سەرمایەی کولتووری خۆیەتی کە کاریگەری لەسەر ڕەفتار و وەڵامدانەوەکان بۆ بارودۆخە جیاوازەکان هەیە(فرید, 2018, ص.91).

لەم ڕوانگەیەوە گروپە ئاماژەییەکان بە سێ شێوە کاریگەرییان لەسەر بەکاربەر هەیە(المجني و عمار, 2020, ص.142):

أ. کاریگەری زانیاری: گروپەکان زانیاری بەنرخ سەبارەت بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان دەدەن.

ب. کاریگەری سوودبەخش: مرۆڤەکان بە پشتبەستن بە چاوەڕوانییەکانی کەسانیتر هەڵبژاردنەکانیان ڕێکدەخەن.

ت. کاریگەری دەربڕینی بەها: هەڵبژاردنی بەکاربەر ڕەنگدانەوەی بەها گروپییەکانە.

زۆرجار بڕیاری کڕین دەکەوێتە ژێر کاریگەری چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کە بە گروپی ئاماژە ناسراون یان ئەو گروپانەی سەرسامن پێیان، چونکە تاکەکان بەدوای قبوڵکردندا دەگەڕێن لەناو گروپە ئاماژەییەکانیاندا، جا چ فەرمی بێت یان نافەرمی. دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لەناو گروپێکدا، وەک زانیاری، شارەزا، یان دەسەڵاتی زۆرەملێ، کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ئەوانی تر دیاری دەکات(Solomon et al., 2016, P.423-424). چەمکی هابیتوسی (بۆردیۆ) کە هەڵوێست و بەها و ڕەفتارە چەسپاوەکان لەخۆدەگرێت کە لەلایەن چینایەتی خێزان و کۆمەڵایەتییەوە لە قاڵب دراون. خێزانەکان ئەو ئارەزووە دەچێنن کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی هەستکردن و پێشکەشکردنی ئەندامان خۆیان هەیە، بە تایبەت لە چوارچێوەی پێگەی کۆمەڵایەتیدا. بۆ نموونە هەڵبژاردنی بەکاربردنی ڕواڵەتی، تەنها حەز و ئارەزووی کەسی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پاشخانی خێزان و مێژووی کولتوورییە. ئەم جیاوازییانە لە ڕواڵەتدا بەستراوەتەوە بە خوو (هابیتوس)ەوە کە بە شێوەیەکی نائاگا کاریگەری لەسەر ڕەفتار و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. بەم پێیە، پاشخانی خێزان چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی تاکەکان لە قاڵب دەدات(Huang, 2019, P.47-48).

لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت کە چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ڕۆڵیان لە ڕەفتاری بەکاربردن هەیە، چونکە خێزان و تاکەکان زۆرجار ئەو کاڵایانە دەکڕن کە ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی، ناسنامەی کولتووری، یان نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانن. خواستی هاوئاهەنگی لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان و چاولێکردنی ئەوانی دیکە بەهۆی پێویستی قبوڵکردنیەتی. زانایانی وەک (ئارنۆڵد و تۆمپسۆن و بۆردیۆ) جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەکاربردن تەنها بڕیارێکی ئابووری نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە، کە ناسنامە و پێگە و بەها بەکۆمەڵەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە داڕشتنی خووەکانی کڕین.

دەرئەنجامەکان تیشک دەخەنە سەر ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی ، ئاشکرای دەکەن کە ، پێگەی کۆمەڵایەتی، فشاری کۆمەڵایەتی، و چاوەڕوانییە کولتوورییەکان ڕەفتاری بەکاربەران لە قاڵب دەدەن.

بەگشتی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پێگەی کۆمەڵایەتی، فشارە کۆمەڵایەتییەکان، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بە قووڵی لەگەڵ بەکاربردنی ڕواڵەتی تێکەڵاون. پێگەی کۆمەڵایەتی لە قاڵب دەدەن. تاکەکان کاڵا بەکاردەبەن بۆ دەربڕینی ناسنامە و دەستەبەرکردنی ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەهۆی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. فشارە کۆمەڵایەتییەکانیش کە بەهۆی ڕاگەیاندن و چاولێکەرییەوە جۆش دەدرێن، تاکەکان پاڵدەنێن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کاڵای گرانبەها و نایابەوە سامانەکانیان نمایش بکەن، ئارەزووی شانازیکردن و ئارەزووی خۆنمایشکردنی تاکەکان پاڵدەنێت بۆ بەکاربردنی کاڵای گرانبەها بۆ ئاماژەدان بە سەرکەوتن و پێگەی کۆمەڵایەتییان، ئەمەش ئەو بەها کولتووری و کۆمەڵایەتیانە بەهێز دەکات کە شێوازەکانی بەکاربردنی ڕواڵەتی دەیخەنەڕوو.

## 7.ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

1) زانینی ڕۆڵی پێگەی کۆمەڵایەتی لە بەکاربردنی ڕواڵەتی:

ئەنجامی توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییە بەرچاوەکانی پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتیدا. زۆرجار مرۆڤەکان کاڵای ماددی بەکاردەبەن بۆ ئاماژەدان بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان و بڕیارەکانی کڕینیان لە ژێر کاریگەری خواستی ڕەنگدانەوەی یان بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیاندایە. بەپشت بەستن بە توێژینەوەکانی پێشووتر و تیۆرەکانی توێژینەوەکە، تاکەکان شێوازی بەکاربردنەکانیان لەگەڵ گروپە پێگە بەرزەکاندا هاوتەریب دەکەن، ئەم کاڵایانە وەک ئامرازێک بۆ نیشاندان، پاراستن، یان بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی بەکاردەبەن.

ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەکانی (داود، 2022) و (إبراهيم و حسين و العشري، 2024) و (شومان، 2015) و (بودبرة و تمار، 2019) و (کاظم، 2006) و (بالحاج، 2016) و (ئەلزەهرانی، 2017) و (حەمید، 2017) و (Padilla and Puertas, 2021) و (محمد, 2017)دا یەکدەگرێتەوە، کە هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێگەی کۆمەڵایەتی پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ بەکاربردنی پەیوەست بە دەرکەوتن.

هەروەها تیۆرەکەی (تۆرشتاین ڤێبلن) زیاتر پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکات، کە بەکاربردنی ڕواڵەتی ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤە، بۆ نوێنەرایەتیکردنی باڵادەستی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت. بە هەمان شێوە تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی (تاجفێڵ و تێرنەر) ئەو تێڕوانینە بەهێز دەکات کە پێیوایە بەکاربردن لە ژێر کاریگەری ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکاندایە. کارەکانیان ئەوە دەخەنەڕوو کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و پرۆسەکانی بەراوردکردن ناوەندین بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن پێگەی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی لە قاڵب دەدات، ئەمەش دیدێکی گشتگیرتر پێشکەش دەکات کە چۆن شێوازەکانی بەکاربردن لەلایەن پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە ڕێنمایی دەکرێن.

2) دەرخستنی ڕۆڵی (فشارە کۆمەڵایەتییەکان، چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان) لە بەکاربردنی ڕواڵەتی:

ئەنجامەکان ڕۆڵە بەرچاوەکانی فشارە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربردنی ڕواڵەتی دەردەخەن. فشارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تاکەکان بۆ گونجاندنی بەکاربردنیان بۆ ئەوەی لەگەڵ بەها و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت، زۆرجار بۆ پاراستن یان بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان. هەروەها بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بڕیارەکانی کڕین لە قاڵب دەدەن، چونکە تاکەکان هەوڵدەدەن ناسنامەی کولتووری خۆیان نیشان بدەن یان لەگەڵ فشاری هاوڕێکانیان بگونجێن بە کڕینی کاڵا کە ئاماژەن بۆ سەرکەوتن و ڕێزگرتن. ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەکانی (إبراهيم و حسين و العشري، 2024) و (بودبرة و تمار، 2019) (ئەلزەهرانی، 2017) و (حەمید، 2017) و (Wilska, 2002)دا یەکدەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر ڕۆڵی فشارە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە بەکاربردنی ڕواڵەتی دەکەنەوە.

3) تیشک خستنەسەر پاڵنەرەکانی خەرجی لەسەر بەکاربردنی ڕواڵەتی بەگوێرەیی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەنجامەکان تیشک دەخەنە سەر ڕۆڵی پاڵنەرەکانی خەرجی، بە تایبەت لەناو گروپە کەم داهاتەکاندا، تاکەکان پاڵدەنێت بۆ گونجاندنی بەکاربردنیان بۆ ئەوەی لەگەڵ بەها و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت، کە تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی (تاجفێڵ و تێرنەر) زیاتر جەخت لەسەر ڕۆڵی پاڵنەرەکانی خەرجی دەکەنەوە، کە بەکاربردنی ڕواڵەتی ئاڕاستە دەکەن.

## 8.دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1) تاکەکان شێوازی بەکاربردنەکانیان لەگەڵ گروپە پێگە بەرزەکاندا هاوتەریب دەکەن، ئەم کاڵایانە وەک ئامرازێک بۆ نیشاندان، پاراستن، یان بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی بەکاردەبەن.
2) فشارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تاکەکان بۆ گونجاندنی بەکاربردنیانە لەپێناو پاراستن یان بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان. هەروەها بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بڕیارەکانی کڕین لە قاڵب دەدەن، چونکە تاکەکان هەوڵدەدەن ناسنامەی کولتووری خۆیان نیشان بدەن یان لەگەڵ فشاری هاوڕێکانیان بگونجێن بە کڕینی کاڵا کە ئاماژەن بۆ سەرکەوتن و ڕێزگرتن.

3) دەرکەوتنی ڕۆڵی پاڵنەرەکانی خەرجی، بە تایبەت لەناو گروپە کەم داهاتەکاندا، تاکەکان پاڵدەنێت بۆ گونجاندنی بەکاربردنیان بۆ ئەوەی لەگەڵ بەها و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت.

## سەرچاوەکان:


### توێژینەوە کوردییەکان:

- بکر, ڤ. ا., المشهدانی, ە. ي. ئ. ح. د. & حاجی, س. ن. ر. ق. ش. م. 2024. جەدەلی وەرگرتن لە هونەری شێوەکاری پۆستمۆدێرنیزمی کوردیدا (هونەری جەستە بەنموونە). گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان, 28, ل.365-382.
- علی, ع. ە. & نجار, ص. أ. 2023. کاریگەری گروپە مەرجەعیەکان لە ڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لەشاری هەولێر گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان, 1, ل.346-363.
- محمد, ج. ح. 2017. ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی کولتوری بەکاربردن-مامۆستایانی پەروەردەی شاری سلێمانی بە نموونە. ماستەرنامە. کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی.

### کتێبە عەرەبییەکان:

- بدوی, أ. ز. 1982. معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية (انجليزي-فرنسي-عربي) بيروت-لبنان: مكتبة لبنان.
- بورديو, ب. 2012. مسائل في علم الاجتماع, أبوظبي, هيئة أبوظبي للسياحة و الثقافة.
- الجوهري, م. م. 2010 المدخل إلى علم الاجتماع, عمان, دار المسيرة للنشر و التوزيع و التباعة.
- روزنبلات, ر. 2011. ثقافة الاستهلاک (الاستهلاک و الحضارة و السعي وراء السعادة), القاهرة, مصر, المرکز القومی للترجمة.
- ساري, ح. خ. 2014. التواصل الاجتماعي الأبعاد و المبادئ و المهارات, عمان-الأردن, دار كنوز المعرفة العلمية للنشر.
- سليمان, أ. ع. 2000. سلوك المستهلك بين النظرية والتطبيق مع التركيز على السوق السعودية, الرياض-السعودية, معهد الادارة العامة. مركز البحوث والدراسات.
- فلوري, ل. 2008. ماكس فيبر بيروت-لبنان, دار الكتاب الجديد المتحيدة.
- مارشال, ج. 2000. موسوعة علم الاجتماع. القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة – المشروع القومي للترجمة.
- مصطفى, إ. & الزيات, أ. ح. 2001. معجم اللغة العربية. المعجم الوسيط. بيروت، لبنان: دار إحياء التراث العربي.
- مصطفي, ا, الزيات, أ., عبدالقادر, ح. & النجار, م. ع. 2004. مجمع اللغة العربية. معجم الوسيط. القاهرة-مصر: مكتبة الشروق الدولية.
- المجني, ر. & عمار, ن. 2020. سلوك المستهلك, السورية, من منشورات الجامعة الافتراضية السورية.

### توێژینەوە عەرەبییەکان:

- ابراهيم, ح. ن. & لفتة, ب. س. 2013. العوامل المؤثرة على النزعة الاستهلاكية عند المستهلك العراقي-دراسة تحليلية لآراء عينة من الزبائن باستخدام اسلوب التحليل العاملي. *Journal of Accounting and Financial Studies ( JAFS )*, 8, ص.ص56-72.
- إبراهيم, ع. ا. ح. 2019 العوامل الاجتماعية للاستهلاك المظهري في المجتمع اليمني. مجلة التربية, العدد ١٩٦, ص.ص155-178.
- -إبراهيم, ن. م., حسين, م. ع. ا. & العشري, م. م. 2024. ثقافة الاستهلاك: رؤية سسيواقتصادية. المجلة العلمية لكلية الآداب, المجلد 13, ص.ص131-225.
- بالحاج, م. ع. ح. 2016. في ظل المتغيرات المجتمعية (التفاخري/الاعتيادي) نمط الاستهلاك الأسري بين المظهري (*Faculty of Arts Journal*) مجلة كلية الآداب – جامعة مصراتة, المجلد 2016, ص.ص145-179.
- بودبزة, ن. & تمار, ر. 2019. العوامل السوسيولوجية وعلاقتها بالفعل الاستهلاكي لدى الفرد الجزائري. المجلة الجزائرية للعلوم الاجتماعية والإنسانية, المجلد 7 ص.ص135-147.
- بومريومه, س. م. ع. & الزليتني, م. ف. ف. 2020 بعض العوامل الاجتماعية الكامنة وراء الاستهلاك المظهري-دراسة ميدانية على عينة من أسر مدينة بنغازي. المجلة الليبية العالمية, العدد 47, ص.ص1-32.
- التويجري, ب. م. 2023. ثقافة الادرخار في الاسرة السعوديةو تأثيرها على الاقتصاد السعودى. *In*: أسبار, م. (ed.) تقرير يصدر عن ملتقى أسبار. إحدى مبادرات مركز أسبار: لجنة الشؤون الاقتصادية والتنموية.
- الرحمن, م. ا. ح. ع. 2012. الأبعاد الثقافية في دراسة الاستهلاك. حوليات كلية الآداب جامعة عين شمس, المجلد 40, ص.ص315-361.
- حديدان, ص. 2018. حقيقة العولمة بين عولمة الثقافة ونشر ثقافة الاستهلاك. مجلة التواصل في العلوم الانسانية و الاجتماعية المجلد 24, ص.ص199-207.

- حميد, ق. 2017. العملية الاستهلاكية للأسرة الجزائرية من الاقتصاد والادخار إلى التمظهر. مجلة روافد للبحوث و الدراسات, 2 .V, ص.ص2543-3563.
- حبيل, م. ع. 2013 المظاهر الاجتماعية و الثقافية المحددة لنمط الاستهلاك في المجتمع الليبي. المجلة الجامعة, المجلد الثاني ص.ص215-232.
- داود, ف. م. 2022. الاستهلاك المظهري و علاقته بمكانة الاجتماعية-دراسة ميدانية في مدينة الموصل. مجلة سر من رأي, المجلد 8 ص.ص161-176.
- رزيق, هـ. 2024. دور المؤثرين عبر مواقع التواصل الاجتماعي في نشر ثقافة الاستهلاك لدى الشباب. مجلة بحوث ودراسات في الميديا الجديدة, المجلد 4, ص.ص78-92.
- الزهراني, ن. ب. ع. 2017. واقع تحقيق الأسرة السعودية لمفهوم الاستهلاك المستدام دراسة ميدانية مطبقة على عينة من الأسر السعودية. جامعة ام القرى (للعلوم الاجتماعية), المجلد 19, ص.ص117-199.
- سهيلة, د. & ناصر, ب. 2018. الإستهلاك الثقافي لدى الشباب الجامعي و إنتاج التمايز الإجتماعي في المجتمع الجزائري:دراسة ميدانية على عينة من طلبة كلية الآداب و الغات. *DSpace JSPUI*, ص.ص1-53.
- شومان, إ. ج. 2015. تغير الأنماط الاستهلاكية وعلاقتها بالمكانة الاجتماعية- دراسة تطبيقية على الأسرة السعودية. مجلة العلمية بكلية الآداب, المجلد 2015 ص.ص179-250.
- صونية, ع. 2024 ترشيد الاستهلاك الفردي بين الاقتصاد الوضعي والاقتصاد الإسلامي. سلوك الاستهلاك والتنمية المستدامه. جامعة مصطفى اسطمبولي . معسكر جامعة الامير عبد القادر للعلوم الإسلامية . قسنطينة
- عنية, ح. ك. 2014. المتاحف الجزائرية بين ثقافة الإستهلاك و تذبذب الزوار. العلوم الاجتماعية و الإنسانية, المجلد 9, ص.ص191-217.
- العال, أ. م. م. ع. 2022. العوامل المؤثر في الاستهلاك المظهري لدى للمرأة السعودية. مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية, المجد 1, ص.ص125-162.
- العيدان, م. 2023. ثقافة الادخار في الاسرة السعوديةو تأثيرها على الاقتصاد السعودى. *In*: أسبار, م. (ed.) تقرير يصدر عن ملتقى أسبار. إحدى مبادرات مركز أسبار: لجنة الشؤون الاقتصادية والتنموية.
- فريد, س. 2018. الابعاد الثقافية والاجتماعية للسلوك الاستهلاكى-دراسة انثروبولوجية فى سوق الذهب الصينى بالقاهرة القديمة حوليات أداب عين شمس, 46, 81-118.
- كاظم, ا. ع. 2006. الاستهلاك المظهري تبعا لمجالاته و عوامله (بحث ميدانى في المدينة الموصل). مجلة دراسات موصلية, ص.ص83-116.
- محمد فتحى غزال, ا. 2016. الأبعاد الاجتماعية لأزمة الثقة فى نظام التعليم الحكومى قبل الجامعى فى المجتمع المصرى. المجلة العلمية بكلية الآداب, ص.ص116-162.
- مرزق, س. & يونسي, م. 2021. العوامل المؤثرة في سلوك المستهلك الجزائري عند اقتناء المنتجات المحلية-دراسة ميدانية على عينة من مستهلكي المشروبات الغازية .مجلة الدراسات المالية والمحاسبية والإدارية, المجلد 8, ص570-589.
- نوال, ج. 2018. ثقافة الاستهلاك وضغوط العولمة. مجلة دراسات في الاقتصاد والتجارة والمالية المجلد 7, ص.ص151-170.
- النعيمي, ش. ع. خ. 2011. بناء مقياس السلوك المظهري لدى طالبات المرحلة الاولى في كليات التربية الرياضية في جامعات الفرات الاوسط. علوم التربية الرياضية المجلد 4, ص.ص236-265.
- النوري, ق. 1979. ملامح الواقع الذهني الحضري في مجتمعنا. مجلة الآداب, المجلد 25, 392-417.
- ياسين, غ. ع. ا. & ربيعة, ب. ل. 2020. أثر ضوابط الاستهلاك في الإسلام على أنماط الاستهلاك-مثال الموضة. مجلة البحوث القانونية و الاقتصادية 3 .V ص.ص565-585.

**كتێبە ئینگلیزییەکان:**

- SOLOMON, M. R., BAMOSSY, G. J., ASKEGAARD, S. & HOGG, M. K. 2016. Consumer behaviour : a European perspective. 6. ed ed. Harlow, England: Pearson.
- TAJFEL, H. & TURNER, J. C. 1986. *The social identity theory of intergroup behavior.In S. Worchel & W. G. Austin (Eds.), Psychology of intergroup relations*. Chicago: Nelson Hall.
- THORSTEIN, V. 1899. *The theory of the leisure class: An economic study of institutions,* New York, published by: BW Huebsch,1918.
- TURNER, B. S. 2006. *The Cambridge dictionary of sociology*. U.K: Cambridge University Press.

توێژینەوە ئینگلیزییەکان: -

- AREIZA-PADILLA, J. A. & MANZI PUERTAS, M. A. 2021. Conspicuous Consumption in Emerging Markets: The Case of Starbucks in Colombia as a Global and Sustainable Brand. Frontiers in Psychology V.12, pp.1-16.
- ARNOULD, E. & THOMPSON, C. 2008. Consumer Culture Theory (CCT): Twenty years of research Journal of Consumer Research (2005) 35, pp.868-882.
- BELK, R. W. 1988. Possessions and the extended self. Journal of consumer research, 15, 139-168.
- DJAMILA, S. 2023. Consumerism Culture and Its Relation to Green Consumption.pdf. European journal of innovation Management, V.10, pp.188-205.
- FIRAT, A., KUTUCUOGLU, K. Y., SALTIK, I. A. & TUNCEL, O. 2013. Consumption, consumer culture and consumer society. Journal of Community Positive Practices, 182-203.
- HUANG, X. 2019. Understanding Bourdieu-cultural capital and habitus. Review of European Studies, 11, p45-49.
- LAMONT, M. & MOLNÁR, V. 2001. How blacks use consumption to shape their collective identity: Evidence from marketing specialists. Journal of Consumer Culture, 1, 31-45.
- MANOLIS, C. & ROBERTS, J. 2008. Compulsive buying: Does it matter how it's measured? Journal of Economic Psychology, V.29, pp.555-576.
- MCCORMICK, K. 2018. James Duesenberry as a practitioner of behavioral economics. Journal of Behavioral Economics for Policy, 2, 13-18.
- PARADA CORRALES, J. & BACCA MEJÍA, W. 2022. The relevance of Duesenberry consumption theory: an applied case to Latin America. Revista de Economía del Caribe, pp.19-36.
- SINGH, P. R. 2012. Consumer culture and postmodernism. LOGOS, UNIVERSALITY, MENTALITY, EDUCATION, NOVELTY. Section: Philosophy and Humanistic Sciences, 1, 469-506.
- TAJFEL, H. & TURNER, J. C. An integrative theory of intergroup conflict. 1979.
- WILSKA, T.-A. 2002. Me–A Consumer? Consumption, Identities and Lifestyles in Today's Finland. Acta Sociologica, 45, 195-210.

**الأبعاد الاجتماعية و الأستهلاك المظهري:دراسة تحليلية**

**كامران جوهر عبدالله**
قسم علم الاجتماع,كلية الآداب,جامعة صلاح الدين–اربيل–
اقليم كوردستان,العراق
kameran.abdullah@su.edu.krd

**جوان اسماعيل احمد بكر خوشناو**
قسم علم الاجتماع,كلية الآداب,جامعة صلاح الدين–اربيل,اقليم
كوردستان,العراق
Jwan.bakr@su.edu.krd

**الملخص**

إن الأستهلاك المظهري هو عملية اجتماعية ويتأثر بالبيئة الاجتماعية. إن المجتمع يمر بظرف اجتماعي يتطلب اعتماد توجه للإنفاق يتناسب مع العصر الجديد. العوامل الاجتماعية توجه استهلاك الأفراد. السؤال الرئيسي للبحث هو ما هو الدور الذي تلعبه الأبعاد الاجتماعية في الأستهلاك المظهري؟ ومن هذا المنظور فإن أهداف الدراسة هي فهم دور المكانة الاجتماعية في الأستهلاك المظهري. توضيح دور (الضغوط الاجتماعية، والتوقعات الاجتماعية والثقافية) في الأستهلاك المظهري. وفي هذه الدراسة يسعى الباحث إلى الكشف عن دور الأبعاد الاجتماعية و الأستهلاك المظهري. لذلك يعتمد البحث على المنهج التحليلي لتحليل الأبعاد الاجتماعية للأستهلاك المظهري. وأظهرت أهم النتائج:

1) تلعب المكانة الاجتماعية دورًا في الأستهلاك المظهري. ينسق الأفراد الأستهلاكهم مع مجموعات الطبقة العليا لإظهار المكانة الاجتماعية أو الحفاظ عليها أو اكتسابها.

2) تلعب الضغوط الاجتماعية والتوقعات الاجتماعية والثقافية دوراً هاماً في الأستهلاك المظهري. وتحت تأثير الضغوط الاجتماعية، يقوم الأفراد بتعديل الأستهلاكهم بما يتوافق مع القيم الاجتماعية، مما يشير إلى النجاح والاحترام.

3) ظهور دور الحوافز الإنفاقية خاصة بين فئات الدخل المحدود يدفع الأفراد إلى تعديل استهلاكهم بما يتوافق مع القيم والتوقعات المجتمعية.

**الكلمات المفتاحية :**البعد الاجتماعي، الأستهلاك المظهري.

**Social Dimensions and Conspicuous Consumption :an Analytical Study**

**Kameran Jewher Abdullah**
Department of Sociology, college of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
kameran.abdullah@su.edu.krd

**Jwan Ismail Bakir Khushnaw**
Department of Sociology, college of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Jwan.bakr@su.edu.krd

**Abstract**

The Consumption of Conspicuous is a social process and is influenced by the social environment. Society is going through a social situation that requires the adoption of a spending direction that is compatible with the new era. Social factors direct individuals consumption. The main question of the research is what role do social dimensions play in the Consumption of Conspicuous? From this perspective, the objectives of the study are to understand the role of social status in the Consumption of Conspicuous. Demonstrate the role of (social pressures, social and cultural expectations) in the Consumption of Conspicuous. In this study, the researcher tries to reveal the role of social dimensions and the Consumption of Conspicuous. Therefore, the research relies on the analytical method to analyses the social dimensions of Conspicuous Consumption. The most important results showed:

**1)** Social status plays a role in Conspicuous Consumption. Individuals coordinate their consumption with upper-class groups to display, maintain, or gain social status.

**2)** Social pressures and social and cultural expectations play a significant role in Conspicuous consumption. Under the influence of social pressures, individuals adjust their consumption to conform to social values, which indicate success and respect.

**3)** The emergence of the role of spending incentives, especially among low-income groups, prompts individuals to adjust their consumption to meet societal values and expectations.

**Keywords:** Social dimension, Conspicuous consumption